له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# دیاری

# بۆ نەوەی موسوڵمان

## لــــە ڕوانگــەی ســوننەت و قورئـــان

ئامادەكردنی

**عدنان بارام كەلاری**

چاپی سێیەم ١٤٢٩ كۆچی

---

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەییە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەھەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەھەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٠٢ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ ( النساء : ١ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٧٠ ـ ٧١ ) .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ ، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ ۞ .

۞ هذه الخطبة تسمى : بـ ( خطبة الحاجة ) وهي التي كان رسول الله ﷺ يفتتح بها جميع خطبه ، ومحاظراته ، ودروسه ، ويعلمها أصحابه رضي الله عنهم ، وقد جمع جميع رواياتها ، وألفاظها العلامة الشيخ محمد

**جگەرگۆشە و ڕۆڵەی شیرینم :** پێغەمبەری خوا ﷺ منداڵانی خۆش ویستووە ، و یاری لە گەڵدا کردوون و هەڵی گرتوون ، و دەیکردنە کۆڵی خۆی بۆ خۆشبەخت کردنیان ، هەروەك لەگەڵ حەسەن و حسیندا ئەو کارەی بۆ کردوون ، و یاری پێیان نەدەبڕی لەکاتی یاریکردنیان ( هەروەکو ئەنەس بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەو کارە لەگەڵ خۆیدا ڕوویداوە ) ، وە هیچ جیاوازی نەدەکرد لە نێون کوڕ و کچدا ، و چەندەها جار هاوەڵانی بینیویانە ماچی حەسەن و حوسەینی دەکرد ، و دەیفەرموو : " إِنَّهُ مَنْ لا يَرْحَمْ لا يُرْحَمْ " ( متفق عليه ) ، واتە : ئەو کەسەی بەزەیی نەبێت بەزیی لێ ناکرێت ـ واتە : خوای پەروەردگار بەزەیی پێدانایەتەوە ـ ، یان جاری وا هەبوو ئومامەی کچی زەینەبی ـ لە کاتی نوێژکردنیدا ـ هەڵدەگرد بۆ ئەوەی نەگریت ، و دایکی ئیش و کاری خۆی بکات ( رواه البخاري ومسلم ) ، جاری واش هەبوو سوژدەی نوێژەکەی درێژ دەکردەوە لە بەر ئەوەی حەسنی کچەزای لە سەر پشت بوو ( صحيح سنن النسائي ، برقم : ١١٤١ ) ، وە ئەگەر لە کاتی نوێژی جەماعەتدا گوێی لە دەنگی گریانی منداڵێك ببایە ، نوێژەکەی کورت دەکردەوە بۆ ئەوەی دایکی بڕوات بۆ لای وئامۆشی بکاتەوە ( البخاري ) .

خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها بۆ منداڵی موسڵمانان نەبوو ، بەڵکو منداڵی بێباوەڕانیشی خۆش دەویست ، بۆیە دەیفەرموو : " إِيَّاكُم وَقَتْلَ الأَوْلادِ ،

---

ناصرالدين الألباني ـ رحمه الله ـ في رسالة صغيرة في حجمها ، كبيرة في فائدتها ، بعنوان : ( خطبة الحاجة ) ، فمن أراد الاستزادة فليرجع إليها .

إِيَّاكُمْ وَقَتْلَ الأَوْلادِ " ، واتە : ئامان نەکەن لە تێکۆشاندا منداڵ بکوژن ، ئامان نەکەن لە تێکۆشاندا منداڵ بکوژن .

وە بەبەردەوامی پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری منداڵانی دەکرد بۆ ئەنجامدان و کردنی کردەوەی چاکە ( رواه البخاري ومسلم ) .

وە ئەگەر بەلای منداڵدا تێپەڕ ببایە سەلامی لێ دەکردن ( رواه مسلم ) ، وە بەمردنی منداڵی خۆی ، و نەوەکانی دەگریا و بەڕەحم و بەبەزەیی زانیوە بەرامبەر بە منداڵان ( رواه البخاري ومسلم ) .

جا داواکارم لە پەروەردگاری میهرەبان ئەم نووسینەمان بە پیادەکردنی ئەو ڕەوشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دابنێت ، بەرامبەر بە نەوەی موسڵمان ، کە هەموو پیاو و ئافرەتی دوارۆژن ، و کۆڵەکەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بەختەوەرن .

کە تیایدا ـ واتە لەم نووسراوەی بەردەستت ـ بابەتەکان لە چوار بواردا خراونەتە ڕوو ، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە :

## بیروباوەڕ و عەقیدە :

**یەکەم :** ناسینی خوای پەروردگار .... **دووەم :** ناسینی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ .... **سێیەم :** ناسینی ئایینی ئیسلامی پیرۆز .

## فێربوونی فیقە و شەریعەت :

**یەكەم** : ئادابەكانی چوونە سەرئاوت تارات گرتن .... **دووەم** : دەستنوێژ .... **سێیەم** : نوێـــــژ .... **چوارەم** : ڕۆژووگرتن .

## چەند ئادابێكی ڕەسەنی ئیسلامەتی :

ئادابی سەلامكردن .... و ئادابی خـەوتن و لەخەوهەسـتان .... و ئـادابی خـواردن و خواردنەوە .... و ئادابی پژمین .... و ئـادابی لەبـەركردنی جلـو بـەرگ و داكەنـدنی .... و ئادابی ڕۆشتنە مزگەوت .

## ڕەوشتی نەوەی موسڵمان :

**یەكەم** : ڕاستگۆیی ، و درۆنـەدان .... **دووەم** : پاراسـتنی ئەمانـەت .... **سـێیەم** : ڕێزگرتن لە دایك و باوك .... **چوارەم** : ڕێزگرتنـی لـە گـەورە .... **پێنجـەم** : ڕێزگـرتن و چاكەكاری لە گەڵ دراوسێدا .

نووسەر

**عدنان بارام كەلاری**

# بیروباوەڕ و عەقیدە

## ناسینی خوای پەروردگار

**ڕۆڵەی شیرینم :** پێش ئەوەی بڕۆینە سەر باسی ( ناسینی خوای پەروەردگار ) و ( جۆرەکانی یەکخوا پەرستی ) ، دەبێت پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارە بزانین کە : ئایا خوای پەروەردگار ئێمەی بۆچی دروست کردووە ؟

وەڵامەکەشی ئەوەیە : کە خوای پەروەردگار ئێمەی دروست کردووە بۆ ئەوەی بە تاك وتەنهایی بیپەرستین و هیچ هاوەڵ و شەریکێکی بۆ بڕیار نەدەین ، هەروەکو خوای پەروەردگارمان فەرموویەتی : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ ( سورة الذاريات : ٥٦ ) ، واتە : ئێمە جنۆکە و مرۆڤمان بۆ ئەوە دروست کردووە کە تەنها خوای پەروەردگار بپەرستن .

وە پێغەمبەری ئازیز و خۆشەویستمان ﷺ ـ هەر لەم بارەیەوە ـ فەرموویەتی : " حَقُّ اللهِ على العباد أنْ يعبدوه ولا يُشركوا به شيئاً " ( متفق عليه ) ، واتە : مافی خوای پەروەردگار لە سەر بەندەکانی بریتیە لەوەی کە بیپەرستن و هیچ شەریکی بۆ بڕیار نەدەن .

# پەرستن ( عیبادەت ) چیە ؟

**ڕۆڵەی شیرینم :** باشە کە ئێمە بۆ ( پەرستن ) ـی خوای پـەروەردگار درووسـت کراوین ، واتای ( پەرستن ) چیە ؟

**ڕۆڵە ژیرەکەم** لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم : ( پەرستن ) : ناوێکە بە هەموو ئەو گوفتار و کردار و کردەوانە دەگرێتەوە کە خوا پەروەردگار خۆشی دەوێن و پێیـان ڕازیە ، وەك : شایەتومان هێنان ـ واتە ووتنی : لا إله إلا الله ، و محمد رسول الله ـ ، و نوێژکردن ، و ڕۆژووگرتن ، و حەجکردن ، و دوعا و پاڕانەوە و سـەربڕینی حـەیوان بۆ خوای پەروەردگار و زیکر و گوێڕایـەڵی دایـك و بـاوك و ڕێزگـرتن لـە کەسـانی لەخۆمان گەورەتر و ڕێزگرتن لە دراوسێ و خۆشەویستی هاوڕێ و جگە لەمانەش .

**ڕۆڵەکەم :** ئەوەتا خوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ ( سورة الأنعام : ١٦٢) ، واتـە : ئـەی پێغەمبـەری خوا ﷺ بڵێ : بێگومان نوێژ و حـەیوان سـەربڕین و ژیـان و مردنیشـم تـەنها بـۆ پەروەردگاری هەموو جیهانە .

# جۆرەکانی یەکخواپەرستی

**پاشان ڕۆڵە نازدارەکەم :** بۆ ئەوەی کەسێکی خواناس بین ، و موسڵمانێکی یەکخواپەرست بین ، و جێگەی قەبوڵ بین لەلای خوای پەروەردگار ، دەبێت جۆرەکانی یەکخوا پەرستی بزانین و لە ژیانماندا پەیڕەویان بکەین ، کە ئەمانەی خوارەوەن :

## یەکەم: یەکخوا پەرستی لە پەرستندا ( توحيد الألوهية ) :

ئایا یەکخواپەرستی لە پەرستندا چیە ؟

وەڵام : یەکخواپەرستی خوا لە پەرستندا ( توحيد الألوهية ) بریتیە لە : ئەنجامدانی هەموو پەرستنەکانمان تەنها بۆ خوای پەروەردگار ، وەك : شایەتومان هێنانمان ـ واتە ووتنی : لا إله إلا الله ، و محمد رسول الله ـ ، و نوێژکردن ، و ڕۆژووگرتن ، و حەجکردن ، و دوعا ، و پاڕانەوە ، و سەربڕینی حەیوان ، و زیکر کردن ، و نەزرکردن ، و قورئان خوێندن ، و جگە لەمانەش ، ئەوەتا خوای بڵند و پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ ﴾ ( سورة البقرة : ١٦٣) ، واتە : پەرستراوی ئێوە تەنها ( اللّٰه ) یە ، و هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە ئەو شایستەی پەرستن بێت ، و هەر ئەویشە بە ڕەحم و بە بەزەیی بەرامبەر بە ئێوە .

**ڕۆڵەکەم :** خوای پەروەردگار ئەیەوێت پێمان بڵێت : هەر تەنها ئەوە شایستەی ئەوەیە کە پەرستنەکانمانی بۆ ئەنجام بدەین ، چونکە ئەوانی تر وەکو خۆمان

درووستكراون ، نەك دروستكار ، جا ئامان نەكەی ڕۆڵە یەكخوا پەرستەكەم ئەو كارانە و هەموو كارەكانی ترت بۆ هیچ دروستكراوێك لە دروستكراوەكانی خوا ئەنجام بدەی .

ئەوەتا پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ كە هاوەڵانی خۆی دەنێرێت بۆ وڵاتنی تر بۆ ئەوەی خەڵكی ئەو وڵاتانە فێری ئیسلام بكەن پێیان دەفەرمووێت : " فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ : شَهَادَةَ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ " ( متفق عليه ) ، واتە : با یەكەم شتێك كە بانگەوازیان بۆ دەكەیت و فێریان دەكەی بریتی بێت لە : شایەتی دان بەوەی كە : هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا گیان ( ﷲ ) شایستەی پەرستن بێت .

وە لە ڕیوایەتەكەی پێشەوا بوخاریدا هاتووە : " فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ : إِلَى أَنْ يُوَحِّدُوا اللهَ " ( رواه البخاري ) ، واتە : با یەكەم شت كە بانگەوازیان بۆ دەكەیت بریتی بێت لە : بەتەنها پەرستنی خوای پەروەدگار ، بەواتایەكی تر : با یەكخواپەرستی كردنی خوا لە پەرستندا ئەنجام بدەن .

**دووەم : یەكخوا پەرستی لە پەروەردگارێتیدا** ( توحيد الربوبية ) :

ئایا یەكخواپەرستی لە پەروەردگارێتیدا ( توحيد الربوبية ) چیە ؟

وەڵام : یەكخواپەرستی لە پەروەردگارێتیدا ( توحيد الربوبية ) بریتیە لە : بیروباوەڕ بوون بەوەی كە خوای پەروەردگار لە كردارەكانیدا وەكو دروستكردن و بەڕێوەبردنی دروستكراوەكانی و ڕۆزیدانیان و جگە لەمانەش تاك و تەنهایە و هیچ هاوەڵ و شەریكێكی نیە و پێویستی پێ نیە ... خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ الْحَمْدُ

لله رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ ( سورة الفاتحة : ٢ ) ، واتە : سوپاس وستایش بۆ ( أَللَّهُ ) كە پەروەردگاری هەموو جیهانە .

وە پێغەمبەر ئازیزمان ﷺ لە یەكێك لە زیكر و پاڕانەوەكانی فەرموویەتی : (( أَنْتَ رَبُّ السَّماواتِ وَالأَرْضِ )) ( متفق عليه ) ، واتە : خوایە تۆ پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەویت .

**سێیەم : یەكخواپەرستی لە ناو وسیفتەكانیدا** ( توحيد الأسماء والصفات ) :

ئایا یەكخواپەرستی لە ناو و سیفتەكانیدا ( توحيد الأسماء والصفات ) چیە ؟

یەكتاكردنەوەی خوا لە ناو و سیفتەكانیدا ( توحيد الأسماء والصفات ) بریتیە لە : سەلماندنی هەموو ئەو ناو و سیفەتانەی كە خوای پەروەردگار لە قورئاندا وەسفی خۆی پێكردوون ، یان هەموو ئەو ناو و سیفەتانەی كە پێغەمبەرەكەی ﷺ لە فەرموودە صەحیحەكانیدا وەسفی خوای پەروەردگاری پێكردوون ، وەكو خۆی ، بە بێ گۆڕین و شوبهاندنیان بە سیفەتی دروستكراوەكانی و لەكارخستنیان ، وەكو ناوی ( الرَّحْمَنِ ) و ( الرَّحِيمِ ) كە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون ، و هەردووك ناوی خوای پەروەدگارن و سیفەتی ڕەحم و بەزەیی و میهرەبانی و بەخشندەیی بۆ خوای پەروەدگار دەسەلمێنن ، خوای پەروەدگار فەرموویەتی : ﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ﴾ ، واتە : بە ناوی ئەو خوایەی كە میهرەبان و بە بەزەییە .

یان هەردوو ناو و سیفەتی : ( السَّمِيعُ ) واتــە : بیســەر ، و ( البَصِيرُ ) واتــە : بینەر ، هەروەکو خــوای بلّنــد و پایەبــەرز فەرموویــەتی : ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ ﴾ ( سورة الشورى : ١١ ) ، واتە : هیچ شتێك وەکو خوای پەروەردگار نیە ، و خوای پەروەردگاریش بیسەر و بینەرە بۆ هەموو ورد و درشتێك .

وە پێغەمبەری نازدارمان ﷺ فەرموویــەتی : (( يَنْزِلُ اللهُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ إِلَى سَمَاءِ الدُّنْيَا ... )) ( رواه مسلم ) ، واتە : هەموو شەوێك خوای پەروەردگارمان دادەبــەزێت بۆ ئاسمانی دونیا ، دابەزینێك کە لایــەق بێــت بــە گــەورەیی خــواوە ، بــێ گــۆڕان و شوبهاندن ولێکچوواندنی بە دروستکراوەکانی و بێ ئەوەش کە لە کاربخرێت .

**کەواتە ڕۆڵەی گوێڕایەڵ و ژیرم :** دەبێت هەموو ئەو ناو و سیفەتانەی کە لــە قورئانی پیرۆز و سوننەتە شیرینەکانی پێغەمبــەری خۆشەویســتمان ﷺ هاتبێــت ، بیسەلمێنین بۆ خوای پەروەردگار و بڕوامان پێ هەبێت وەکو خۆی ، بــە بــێ گــۆڕین و شوبهاندنیان بە سیەفەتی دروستکراوەکانی و لەکارخستنیان ، وە لە ژیانی خۆشماندا هەست بەو ناو و سیفەتانە بکەین ، لەوانەش :

١ ـ ( اللَّهُ ) ، واتە : پەرستراوی تاك و تەنها .

٢ ـ ( الرحمن ) ، و ( الرحيم ) ، واتە : بە ڕەحم و میهرەبان .

٣ ـ ( الخالق ) ، واتە : خولّقێنەر و بەدیهێنەر .

٤ ـ ( الرازق ) ، واتە : رزق و ڕۆزی دەر .

٥ ـ ( السميع ) ، واتە : بیسەری هەموو ورد و درشتێك .

٦ ـ ( البصير ) ، واتە : بینەری هەموو ورد و درشتێك .

٧ ـ ( الرقيب ) ، واتە : بەئاگا و چاودێر لە هەموو کاتێکدا .

**جا ڕۆڵەکەم :** دەبێت بەردەوام باوەڕت وابێت ، و هەست بکەی بەوەی کە تەنها ( اللَّهُ ) یە پەرستراوی ڕاستەقینەی تۆ ، و هەر ئەویشە خولقێنەر ( الخالق ) ، و ڕزق و ڕۆزیدەر ( الرازق ) ـی تۆ ، بشزانە کە بە بەزەیی و میهرەبان ( الرحمن ) ، و ( الرحيم ) بەرامبەر بە تۆ ، وبیسەر ( السميع ) ، وبینەر ( البصير ) ـی هەموو گوفتار وکردارێکتە ، و بەئاگا وچاودێر ( الرقيب ) یشە بەسەرتەوە ، بۆیە دەبێت ئاگاداری کردار و ڕەفتارەکانمان بین ، بەو جۆرە بێت کە خوا گیان بۆی داناوین ، و پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ بۆی ڕوون کردووینەتەوە .

## سوودەکانی یەکخواپەرستی چین ؟

**ڕۆڵــەکانم :** لــە کۆتــایی باســی یەکخواپەرســتیدا دەبێــت ســوودەکانی یەکخواپەرستی بزانن چیە ، بۆ ئەوەی زیاتر و جوانتر پیادەی بکەین ، جـا ئێســتا بـا بزانین سودەکانی یەکخواپەرستی چین ؟

ئایا یەکخواپەرستی ( التوحید ) سوودی چیە ؟

وەڵام : ڕۆڵەکەم یەکخواپەرستی ( التوحید ) سوودی زۆڕی هەیــە کــە ئەمانــەی خوارەوە بریتن لە هەندێك لەو سوودانەی کەسی یەکخواپەرســت هیدایــەت دراوە لــە دونیــادا و شــوێنکەوتەی ڕێگــای ڕاســتی ئیســلامە ، و یەکخواپەرستیەکەشــی سڕینــەرەوە و کەفارەتی تاوانەکانی دەبێت ، و لە دوارِۆژیشــدا پــارێزراو دەبێــت لــە سزای خوای پەروەردگار ، خوای بڵنــد و پایەبــەرز فەرمووییــەتی : ﴿ الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴾ ( سورة الأنعام : ٨٢ ) ، واتــە : ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و شیرك و هاوەڵبڕیاردانیــان لــە گەڵــدا تێکــەڵ نەکردووە ، ئەوانە ئاسوودەییان بۆ هەیە و هیدایەتدراویشن .

وە پێغەمبەر خۆشەویستمان ﷺ فەرموویەتی : (( حَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللهِ : أَنْ لا يُعَذِّبَ مَنْ لا يُشرِكُ بِهِ شَيْئَاً )) ( متفق عليه ) ، واتە : مافی ئەو بەندانەی کە شەریك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار نادەن ئەوەیە کە خوای پــەروەردگار سـزایان نــەدات ، کەواتــە دەیانخاتە بەهەشتەوە .

## ناسینی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ

**ڕۆڵەی شیرینم :** خوای پــەروەردگار ( محمد ) ﷺ ــی وەك پێغەمبــەرێك بــۆ ڕەوانە کردووین ، بۆ ئەوەی ڕزگاریکارمان بێت لە تاریکی شیرك و هاوەڵبڕیاردان بــۆ ڕووناکی یەکخواپەرستی ، وە بۆ ئەوەی ببێت بە سەرمەشــقێك چــاوی لێبکــەین لــە هەموو کردار و گوفتارێکیدا ، بۆیە پێویستە کورتەیەك لە ژیان و شێوە و ئاکــار و پەرستنەکانی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ بخەینە ڕوو ، بۆ ئەوەی لێــی بــەئاگا بــین و بیزانین ، و کردەوەی پێبکەین ، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە :

## ناو ونازناوی پێغەمبەری میهرەبانی ﷺ

ناوی موحەممەدی کوڕی عەبــدوڵڵای کــوڕی عەبدولموتەڵیبــی کــوڕی هاشمــە ، هاشمیش لە عەشیرەتی قورەیشە کە بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر پێغەمبەر ئیسماعیلی کوڕی پێغەمبەر ئیبراهیم درود و سەلامی خوایان لە سەر بێ [١] ، وە نازناوی باوکی قاسم ( أبو القاسم ) بووە .

---

[١] **بڕوانە** : (صحيح السيرة النبوية : للعلامة الألباني : ص١٠ ) .

## ناوەکانی تری پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ

جوبەیری کوڕی موتعیم دەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرمووی : " إن لي أسماء : أنا محمد ، وأنا أحمد ، وأنا الماحي : الذي يمحو الله بي الكفر ، وأنا الحاشر : الذي يحشر الناس على قدميَّ ، وأنا العاقب : الذي ليس بعده أحد " ( متفق عليه ) ، واته : من چەند ناوێکم هەیە ، من موحەممەدم ( خاوەن ڕەوشت و ڕەفتاری بەرزو شیرین و جوان ) ، من ئەحمەدم ( هەمان واتای موحەممەدە ) ، من ( الماحي : لابەر ) ـم کە خوای گەورە بە هۆی منەوە کوفر لادەبات ، وە ( حاشر : کۆکەرەوە ) ـم کە خەڵك لە دوای منەوە حەشر دەکرێن ، و من ( عاقب : کۆتا ) ـم کە هیچ پێغەمبەرێکم بە دواوە نایەت و کۆتا پێغەمبەرم .

هەروەها لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە ڕەزای خوای لێبێ ئەڵێ : " كان رسول الله ﷺ يسمي لنا نفسه أسماء فقال : " أنا محمد ، وأحمد ، والمقفي ، والحاشر ، ونبي التوبة ، ونبي الرحمة " ( مسلم ) ، واته : پێغەمبەری خوا ﷺ چەند ناوێکی خۆی بۆو دەوتین و دەیفەرموو : من موحەممەدم ، من ئەحمەدم ، من ( الْمُقَفَّى ) ـم ، واته : شوێنکەوتەی پێغەمبەران ، و من ( حاشر ) ـم ، و من ( نبي التوبة ) ـم ، واته : پێغەمبەری توبە و لێ خۆش بوونە ، ومن ( نبي الرحمة ) ـم ، واته : پێغەمبەری میهرەبانی و ڕەحمەتە " .

## لە دایكبوونی پێغەمبەری نازدار ﷺ

لـە ڕۆژی دووشەمەی مانگی ڕەبیعولئەوەل لە ساڵی فیلدا لە دایك بـووە ( رواه مسلم ) ، تەنـانەت هەندێك لـــە زانایـان كوڕایـــان لـــەسەر هێناوەتـەوە ( صحيح السيرة النبوية : الألباني : ص ١٣ ) .

زانایانی موسڵمان ئەڵێن : كاتێك كـە ئامینـەی دایكـی پێغەمبـەرمان ﷺ سكی پڕ بـوو ، ووتـویەتی : هیچ هـەستم بـە قـورسی سكەكەم نـــەدەكرد ( السيرة النبوية لابن هشام : ص ١٦٦ ) ، وە هـەروەها كاتێكیش لـە دایكبـوو ڕوونـــاكیەكی داوەتەوە كۆشكەكـانی شامی ڕووناك و ڕۆشـن كـــردەوە ( الصحيحة للألباني ، برقم : ١٥٤٦ ) .

پێش لە دایك بوونی پێغەمبەری نازدار ﷺ بـاوكی كۆچـی دوایـی دەكـات و باپیری ناوی دەنات : ( محمد ﷺ ) .

## شیرخواردنی پێغەمبەری ئازیز ﷺ

چەند ڕۆژێك سوەیبەی خزمەتكاری ئەبو لەهەب شیری پێدا [٢] ، پاشـان بـردی بۆ لای بەنی سەعد بۆ شیر پێدانی و گەورە بوونی لە ژینگەی پاكی لادێدا ، ئـەوەبو

---

[٢] شیرپێدانی سوەیبە لە بوخاری موسلیمدا هاتووە ، بێ ئاماژەكردن بۆ ئەوەی كە چەند ڕۆژێك بـووە ، ئـەوەش لـەو فەرموودەیـەی كـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ تێیـدا فەرموویـەتی : " أَرْضَعَتْنِي وَأَبَا سَلَمَةَ ثُوَيْبَةُ " ، بـەڵام دیاریكردنی ڕۆژەكان پێشەوا ( ابن القيم ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە ( زاد المعاد ) ـدا ئاماژەی پێداوە : ( ٨١/١ ) .

حەلیمەی کچی زوئەیب ( حليمة السعدية ) گرتیە خۆی ، ونزیکەی چوار ساڵ لەوێدا مایەوە ، پاشان لـە تەمـەنی شـەش ساڵیدا بـوو لـە ناوچـەی ( أبواء ) ئامینـەی دایکشیی لە ڕێگەی مەککە کۆچی دوایی کرد .

پاش وەفاتکردنی دایکی ئوم ئەیمەن دایانی کردووە ، و عەبدولموتەلیبی باپیری ئەرکی بەخێوکردنی گرتۆتە ئەستۆ ، بـەڵام کـە گەیشـتە تەمـەنی هەشـت ساڵی باپیریشی وەفاتی کرد ، بە وەسیەتی باپیری ئەبو تالبی مامی ئـەرکی بـەخێوکردنی گرتە ئەستۆ ، ئەوەبوو زۆر بە جوانی بەخێوی کرد ، سەری خسـت ، پشـتی گـرت ، پاراستی هەتا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد . ئەگەر چی هەر بەردەوام بوو لەسەر دینی باو باپیری خۆیی و هەر موسڵمان نەبوو ، بەڵام بەهۆی ئـەم بەرگریـەی لـە پێغەمبـەری خوا ﷺ خوای گەورە سزای دۆزەخی لەسەر کەم کردەوە ، هـەروەکو لـە فـەرموودەی صەحیح دا هاتووە .

## نازناوی پێغەمبەری ڕاستگۆ و دەست پاك ﷺ لە ناو خەڵكدا

خوای بەرز و پیرۆز هەرچی کرداری جوان بوو لـەو پێغەمبـەرەدا کۆیکردبـووەوە ﷺ ، تەنانەت لە نێو قەومەکەی خۆیشی بـە ( ڕاسـتگۆی دەسـت پـاك : الصادق الأمين ) ناسرابوو ، هەڵبـەت ئەمـەش بـەهۆی ئـەو دەروون پـاکی و ڕاسـتگۆیی و ڕەوشت جوانیەوە کە قەومەکـەی لێیـان بـەدی دەکـرد . تەنانـەت کاتێـك قـورەیش

ویستیان کەعبە بنیات بنێنەوە و گەشتنە دانانی ( بەردە ڕەشەکە : الحجر الأسود ) ، جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە لەسەر ئەوەی کێ بەردە ڕەشەکە دابنێت ، هەتا ڕێکەوتن لەسەر یەکەمین کەسێك کە دێتە ژوورەوە بۆ لایان ، ئەوەبوو بە ویستی پەروەردگار پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو پیاوەبوو ، ئەوانیش ووتیان : دەست پاکەکە هات ، ئەوەبوو ڕازی بوون بەوەی کە ئەم ئەو پیاوە بێت . خۆشەویست ﷺ ڕۆیشت پارچەیەکی هێنا و بەردەکەی خستە ناوەڕاستی پارچەکەوە و بە هەموو سەرۆك هۆزەکانی ووت کەوا هەر یەکەو لایەکی ئەو پارچەیە بگرن ، پاشان بە دەستی موبارەکی خۆی بەردەکەی هەڵگرت و لەشوێنی خۆی دایناپەوە ، ئەمەش لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا بوو ( رواه الطبراني في : المعجم الأوسط ، برقم : ٢٤٤٢ ، والهيثمي في : مجمع الزوائد ومنبع الفوائد : برقم : ١٣٨٧٩ ، و ١٣٨٨٠ ) ، كلاهما عن علي بن أبي طالب رضي الله عنه ) .

## ژنهێنانی پێغەمبەر ﷺ

پێغەمبەری خوا ﷺ لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا خەدیجەی هێنا ، جارێك بۆ بازرگانی لەگەڵ " مەیسەرەی " خزمەتکاری خەدیجە ڕۆیشتن بۆ شام ، لەو سەفەرەدا مەیسەرە زۆر موعجیبی ڕەوشتە جوانەکانی پێغەمبەر ﷺ بوو ، بینی چەن مەردێکی لێهاتووە ، و چەند ڕاستگۆ و دەست پاکە . بۆیە کە ڕۆیشتەوە بۆ خەدیجەی گێڕایەوە ، ئەویش ئەوەی دەربڕی کە پێیخۆشە ببێت بەهاوسەری ئەو پیاوە دەست پاکە ، بەم جۆرە پێغەمبەر ﷺ خەدیجەی مارەکرد . پاشان خەدیجەش وەفاتی

کرد ـ ئەمەش سێ ساڵ پێش هیجرەت بوو ـ ، جا لەبەر خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ بۆ خەدیجە هەتا ئەو لە دونیادا بوو ژنی تری نەهێنایە سەری ، ئیتر دوای وەفاتکردنی ، سەودەی کچی زەمعەی هێنا ، پاشان دایکی بڕواداران عائیشەی کچی ئەبوبەکری هێنا ( خوا لە خۆی و باوکی ڕازی بێت ) ـ لە هەموو خێزانەکانی تەنها عائیشە کچ بوو ـ ، ئەوەکانی تر هەموویان بێوە ژن بوون ، پاشان حەفصەی کچی عومەری هێنا ( خوا لە خۆی و باوکی ڕازی بێت ) ، پاشان زەینەبی کچی خوزەیمەی کوڕی حارسی هێنا ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ ، وە ئوم سەلەمەشی هێنا کە ناوەکەی ( هیندی کچی ئومەیەیە ) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ ، وە زەینەبی کچی جەحشیشی هێنا ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ ، پاشان جوەیریەی کچی حارسی هێنا ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ ، پاشان ئوم حەبیبەی هێنا کە ناوی ( ڕەملە ) یە ، وە ووتوشیانە : ( هیندی کچی ئەبو سوفیان ) ـە ، وە دوای فەتحی خەیبەر صەفیەی کچی حویی کوڕی ئەحتەبی هێنا ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ ، پاشان مەیمونەی کچی حارسی هێنا ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ ، میمونەش دواهەمین خێزانی پێغەمبەری خوایە ﷺ .

**کوڕەکانی پێغەمبەر ﷺ :** هەموو منداڵەکانی پێغەمبەر ﷺ لە خەدیجە بوون ، جگە لە ئیبراهیم کە لە ( مارية ) ـی قیبتی بوو ـ ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ ، ئەویش مقەوقس بە دیاری بۆی نارد .

**کوڕەکانی بریتین لە :** قاسم ، کونیەکەشی هەر بەم ناوەوە بوو ، چەند ڕۆژێکی کەم ژیا وپاشان مرد ، هەروەها تاهیر وتەییب ( الطاهر والطيب ) .

**هەندێك ئەڵێن :** عەبدوڵڵای بووە و تاهیر و تەییب نازناوی عەبدوڵڵا بووە ، هەروەها ئیبراهیم ، ئەمیش لە مەدینە لە دایك بوو و دوو ساڵ کەم سێ مانگ ژیا پاشان کۆچی دوایی کرد .

**کچەکانی پێغەمبەر ﷺ :**

**یەکەمیان :** زەینەب ، کە کچە گەورەی پێغەمبەری خوا بووە ﷺ ، و خێزانی ئەبولعاصی کوڕی ڕەبیعی پورزای خۆی بوو .

**دووەمیان :** ڕوقەییە کە خێزانی عوسمانی کوڕی عەففان بوو - ڕەزای خوای لێبێت - .

**سێیەمیان :** فاتیمەی خێزانی عەلی کوڕی ئەبو تالب کە باوکی حەسەن وحوسەینی گەورەی گەنجانی بەهەشتە .

**چوارەمیان :** ئوم کەلسومە کە دوای ڕوقەیەی خوشکی ئەم بوو بە خێزانی عوسمانی کوڕی عەففان .

ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێ دەڵێت : (( فالبنات أربع بلا خلاف ، والبنون ثلاثة على الصحيح )) ( تهذيب الأسماء واللغات ، للنووى ) ، واتە : کچەکانی پێغەمبەر ﷺ چوار بوون بە بێ جیاوازی لە نێوان زانایان ، کوڕەکانیشی لەسەر ڕای پەسەند : سیانن .

## بوونی ئازیزمان بە پێغەمبەر ﷺ

لـە دووشەممەی ( ١٧ ) ـی ڕەمەزاندا ، لـە تەمـەنی چل سـاڵیدا ، وەحـی ( نیگا و سرووشی ) لە ئاسمانەوە بۆ هاتە خوارەوە لە ئەشکەوتی " حِيراء " لە شـاخی " ثور " ، جا پێغەمبەری خوا ﷺ هەر کاتێك وەحـی بـۆ دابەزیایـە ، زۆر قـورس دەبوو لەسەری ودەم وچاوی دەگۆڕا ونێوچاوانی عەرەقی دەکرد .

کاتێك جوبرەئیل دابەزی پێی فەرموو : بخوێنە " إقرأ " ، ئـەویش فـەرمووی : خوێندەواریم نیە ، جوبرەئیل ـ علیه السلام ـ بـە تونـدی پێغەمـبـەری خـوای ﷺ گوشا هەتا ماند و نارەحەتی کرد ، پاشان پێی فەرموو : بخوێنە ، ئەویش فـەرمووی : خوێندەواریم نیە ، پاشان جوبرەئیل ـ علیه السلام ـ فـەرمووی : ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴾ ( العلق : ١ ـ ٥ ) ، واتـە : بخوێنـە بـە نـاوی پـەروەردگارت کـە هـەموو شتێکی دروست کـردووە ، و مرۆڤیشـی لـە ( علق ) ـ کـە خـوێنێکی بەسـتوو و هەڵواسراوە بەناو منداڵدانی ئافرەتەوە ـ دروستکردووە ، بخوێنە پەروەردگاری تۆ لـە هەموو کەس بەخشندە ترە ، ئەو پەروەردگارەی کە بەهۆی قەڵەمـەوە مرۆڤـی فێـری نووسین کردووە ، مرۆڤی شارەزا کردووە بەو شتانەی کە نەیدەزانی .

ئیتر خۆشەویستی خوا ﷺ گەڕایەوە ماڵەوە بۆ لای خەدیجە ـ خـوای لـێ ڕازی بێت ـ ، و هەموو گیانی دەلەرزا ، پاشان بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە ، خەدیجەش ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ پێی فەرموو : نەخێر بەخوا ، خوا هەرگیز سەرشۆڕت ناکـات ،

تۆ کەسێکی پاکی سیلەی ڕەحم دەگەیەنی و قسەی ڕاست دەکەیت و یارمەتی لێقەوماو و هەژاران دەدەیت ، ڕێز لە میوان دەگریت .

دوای ئەوە ، ماوەیەك وەحی لە ئاسمانەوە پچڕا پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر غەمبار و دڵتەنگ بوو کە هیچی نەدەبینی و هیچی بۆ نەدەهاتە خوارەوە ، شەیدا وموشتاقی وەحی بوو ، ئەوەبو جوبرەئیل لەسەر کورسیەك لە نێوان ئاسمان و زەوی دا خۆی پیشانی پێغەمبەری خوا ﷺ دا . دڵنیایی کردەوە و دڵی دایەوە و مژدەی پێدا کە ئەو پێغەمبەری خوایە ﷺ و خودا هەڵی بژاردوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ، پێغەمبەری خواش ﷺ کە ئەوەی بینی ترسا و گەڕایەوە بۆ لای خەدیجە ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ و فەرمووی : دامپۆشن ، بمپێچنەوە ، ئەوەبوو خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاندە خوارەوە : ﴿ أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ قُمْ فَأَنْذِرْ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴾ ( المدثر : ١ ـ ٤ ) ، واتە : ئەی ئەو کەسەی خۆی پێچاوەتەوە ، هەستە خەڵکی بێدارکەرەوە ، پەروەردگارت بەگەورە ڕابگرە ، و جل وبەرگەکانت پاك بکەوە .

خوای پەروەردگار لەم ئایەتانەدا فەرمانی پێ دەکات کەوا ئومەتەکەی خۆی بێدار کاتەوە و بیانترسێنی وبانگیان بکات بۆ لای ( ﷲ ) ، ئەویش پشت بەخوا پێی هەستا و قۆڵی لێ هەڵماڵی و ناوقەی بۆ توندکرد ، و هەستا بە گەیاندنی بە باشترین شێوە ، بانگی ڕەش و سپی ، پیر و گەنج ، منداڵ و گەورە ، ژن و پیاو ، بەندە و ئازادی کرد ، ئەوەبوو سوپاس بۆ خوا لەنێو هۆز و خێلەکاندا خەڵکانێك ئیمانیان پێهێنا و هاتنە ناو ئیسلامەوە .

بەڵام هاوەڵبڕیاردەرانی مەککە دەستیان کرد بە دژایەتیکردنی و ئازاردانی و سزادانی خۆیی و ئەوانەشی ئیمانیان دەهێنا ، بەڵام خوای پەروەردگار پێغەمبەرەکەی ﷺ پاراست لە هەندێك لەو ئەشکەنجانە ، بەهۆی ئەبو تالبەوە ـ چونکە ئەبو تالب مامی پێغەمبەر بوو ﷺ ، وە یەکێك بوو لە ناودارەکانی قورەیش و زۆر بە گوێیان دەکرو و گوێیان لێ دەگرت ـ ، بۆیە لەبەر ئەبو تالب نەیاندەوێرا هیچ بە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن ، چونکە دەیانزانی ئەبو تالب چەند پێغەمبەری خوای ﷺ خۆش دەوێت .

ئیبن ئەلجەوزی ـ بە ڕەحمەت بێت ـ دەڵێت : (( وبقي ثلاث سنين يستتر بالنبوة ، ثم نُزِلَ عليه ﴿ فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ ﴾ فأعلن الدعاء )) ( التبصرة لابن الجوزي : ١ / ٣٤٤ ) ، واتە : بۆ ماوەی سێ ساڵ پێغەمبەری خوا ﷺ پێغەمبەرایەتی خۆی بەنهێنی هێشتەوە وبانگەوازی دەکردن هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ ﴾ ( الحجر : ٩٤ ) ، واتە : جا هەر فەرمانێك پێدەدرێ بەئاشکرا ڕای بگەیەنە . ئەوە بوو بانگەوازی ئاشکرا کرد .

وە کاتێکیش کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە : ﴿ وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ ﴾ ( الشعراء : ٢١٤ ) ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەرکەوتە سەرکێوی صەفا و هاواریکرد ، هۆ قەومینە ، هۆ خەڵکینە ، ئەوانیش ووتیان : ئەو هاوار هاوارە کێیە ؟ ووتیان موحەممەدە ﷺ ! ئەوەندەی پێ نەچوو خەڵك لەدەوری کۆبونەوە ، ئەویش پێیانی فەرموو : ئەگەر پێتان بڵێم سوپایەك لەو دیوی ئەو شاخەوەیە و بەرەو ئێرە دێت ، بڕوام پێ ئەکەن ؟ ئەوانیش ووتیان : ئێمە درۆمان لێت نەبیستووە ، ئەویش

فەرمووی : ئەی خەڵکینە بەڕاستی من پێغەمبەر و نێرداوی خوام و ترسێنەرم بۆ ئێوەی گرۆی ئادەمیزاد ، وسزایەکی توند بۆ سەرپێچی کەرانم ئامادەکراوە ، لەو کاتەدا ئەبولەهەب ووتی : (( تَبّاً لَكَ )) واتە : لەناوبچێت ، ئا لەبەر ئەمە ئێمەت کۆکردەوە ؟ پاشان لێیداو ڕۆیی ، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە : ﴿ تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ ﴾ ( سورة المسد ) ( متفق عليه ) ، واتە : لە ناو بچێت هەردوو دەستی ئەبو لەهەب و لە ناو چوو ، داراییەکەیی و ئەوەی کە کردی ( لە دژی پێغەمبەر ﷺ ) سوودی پێ نەگەیاند ، بێگومان لەمەولا ـ واتە : لە ڕۆژی دواییدا ـ دەچێتە ناو ئاگری بڵیسەدار ، لەگەڵ ژنەکەیدا کە هەڵگری دار و چاوگە ، هەمیشە گوریسێکی بادرا و چنراو ( لە پەلی خورمای ئاگرین ) وا لە گەردنیا .

## ئارامگرتنی پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئازارەکان

لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا ﷺ لە لایەن قەومەکەیەوە ، ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە و نارەحەتی زۆر دەبوویەوە ، بەڵام هەر ئارامی دەگرت و چاوەڕوانی پاداشتی خوای دەکرد ، ئەشکەنجەدان درێژەی کێشا وسەختگیر بوو ، تا کار گەیشتە ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بە هاوەڵانی کە کۆچ بکەن بۆ حەبەشە و لەدەست ئەم زوڵم و زۆرە ڕزگاریان ببێ ، ئەوەبوو زۆربەی ئەوانەی کە موسڵمان بوو بوون بەرەو حەبەشە کەوتنەڕێ .

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ : هەرکە ئەبو تالب وەفاتی کرد ، دەست بەجێ قورەیش دەستیانکرد بە ئازاردانی پێغەمبەر ﷺ ، بەشێوازێك کە ژیانیان لێ تاڵکرد و بێ زاریان کرد .

ئەبو نوعەیم لە ئەبو هورەیرەوە ـ خوای لێ ڕازی بێ ـ ڕیوایەت دەکات ، دەڵێ : هەرکە ئەبوتالب وەفاتی کرد کافرەکان تەنگیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵچنی تا وای لێهات فەرمووی : ئەی مامە چەند زوو هەستم بە نەبونت کرد .

هەروەها لە ( الصحيحين ) ـدا هاتووە ئەڵێ : ڕۆژێك پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد ـ وە هەندێك ناوسکە ووشتر لەو دەورە فڕێدرابوو ـ کە عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت بینی پێغەمبەری خوا ﷺ نویژ دەکات ، ئەو پیسیەی هەڵگرت و خستیە سەر پشتی موبارەکی پێغەمبەر ﷺ ، ئەویش هەر لە سوژدەدابوو سەری بەرز نەکردەوە و پیسیەکەش هەر لەسەر پشتی بوو ، هەتاوەکو فاتیمەی کچی ـ خوای لێ ڕازی بێ ـ هات و لەسەر پشتی لادا ، ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ لەو کاتەدا فەرمووی : " ئەی پەروەردگارا ئەم کۆمەڵەی نێو قورەیش لە ناو دەی ... هەر لە ( صحيح البخاري ) دا هاتووە : کەوا ڕۆژێك عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت شانی ڕەسولی خوای ﷺ گرت و کراسەکەی پێچایە ملیەوە و زۆر توند جەڕاندی ، هەتا خەریك بوو بخنکێت ، ئەوەبوو ئەبوبەکر گەیشت و پاڵێکی نا بە عوقبەوە و ووتی : ﴿ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ ﴾ ( الغافر : ٢٨ ) ، پیاوێك دەکوژن تەنها لەبەر خاتری ئەوەی ئەڵێت پەروەردگارم ( اللَّهُ ) یە .

## بەزەیی و ڕەحمەتی

## پێغەمبەر ﷺ بە ئومەتەکەی

دوای ئەوەی ئـەبوتالبی مـامی و خەدیجـەی خێزانـی وەفاتیـان کـرد قـوڕەیش دەستیان کرد بە ئازاردانی خۆشەویست و تەواو نارەحەتیان کرد ، ئەوەبوو ڕۆیشت بـۆ تائیف بە مەبەسـتی بـانگکردنی خێڵـەکانی ئـەو ناوچـەیە بـۆ ئیسـلام ، ئـەوەبوو وەڵامیان نەدایەوە ، تەنانەت دەستیانکرد بەگاڵتەپێکردن و ڕابـواردن و ئـازاردانی ، تەنانەت بەردیشیان تێگرت ، هەتا ئەوەبوو خوێن لە پشتی موبارەکی هاتە خـوارەوە ، ئا بەو شێوەیە و دوای ئەو هەموو ئەشکەنجەیە ، بە دڵی شکاوەوە بە کوڵێ خـەم و خەفەتەوە بەو پەڕی دڵسۆزیەوە ، بەرەو مەککە گەڕایەوە ، پێغەمبەری نازدار ﷺ ، خۆی دەفەرموێت : لە تائیف دەرچوم و بەڵام زۆر غەمبار و بێ تاقـەت بـووم هۆشـم لای خۆم نەمابوو ، هەر کە بە ئاگا هاتم و بینیم وام لە ناوچەی ( قرن الثعالب ) کـە سەرم بەرزکردەوە بینیم وا پەڵە هەورێك خۆی کردوەتە سێبەر بـۆم ، تەماشـام کـرد بینیم جوبرەئیلی تێدایە ، بانگی لێکردم و فەرمووی : بەڕاستی خـوای پـەروەردگار بیسەری قسەی قەومەکەت و کرداری قەومەکـەت بـوو کـە چیان پێـوتی و چیـان پێکردی ، وا مەلائیکەتی شاخەکانی بۆ ڕەوانە کـردووی ، جـا بـەوەی پێـت خۆشـە فەرمانیان پێبکە ، دوای ئەوە مەلائیکەتی شاخەکان بانگی لێکـردم و فـەرمووی : خوای گەورە منی بۆ لای تۆ ڕەوانە کردوە بۆ ئەوەی بەوەی پێت خۆشـە فـەرمانم پـێ بدەی ، ئەگەر ئەتەوێت ئەم دوو کێوەت بـۆ دەدەم لەیـەك ـ تـائیف لـە نێـوان دوو کێودایە ـ تەنها ئەمر بفەرمە ، بەڵام ئەو خۆشەوستە ، ئەو دڵسـۆزە ، ئـەو بەسـۆزە

سەلات و سەلامی خوای لەسەربێ فـەرمووی : " بَلْ أَرْجُو أَنْ يُخْرِجَ اللهُ مِنْ أَصْلابِهِم مَنْ يَعْبُد اللهَ وَحْدَهُ ، لا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئاً " ( متفق عليه ) ، واتــه : نــەخێر ، بــەڵكو ئومێدەوارم لەوەچەی ئەمانەدا خوای گەورە خەڵكانێك بێنێ كە تەنها ئەو بپەرستن و هاوبەشی بۆ قەرار نەدەن .

تەنانەت پێغەمبەری خـوا ﷺ لـە هـەموو مەوسمێكـدا كـە هـۆز و تیرەكـان ئەهاتن بۆ مەككە دەڕۆشت بـۆ لایـان و دەیفـەرموو : " مَنْ يُئْوِينِي مَنْ يَنْصُرُنِي حَتَّى أُبَلِّغَ رِسَالاَتِ رَبِّي عَزَّ وَجَّلَ وَلَهُ الْجَنَّةُ " ( السلسلة الصحيحة للألباني ، برقم : ٦٣ ) ، واتە : كێ جێگام دەكاتەوە ؟ كێ سەرم دەخا ؟ بۆ ئەوەی پەیامی پەروەردگارم ـ عَزَّ وَجَّلَّ ـ بگەیەنم و بەهەشت بۆ ئەو بێت .

پاشان لە عەقەبەدا ، و لە مەوسمی حەجدا چاوی كەوت بـە شـەش نەفـەر لـە خەڵكی مەدینە و بانگی كردن لە بۆ ئیسلام و ئەوانیش بە بانگەوازەكەی ڕازی بوون و بوون بە موسڵمان ، پاشان گەڕانەوە شارەكەی خۆیان وبانگەوازەكەیان گەیانـد بـە هەموو خەڵكی ناوچەكە ، ئەوەبوو بە فـەزڵی خـوا ئیسـلام لـە هـەموو مەدینـەدا بڵاوبوویەوە ، پاشان پەیمانی عەقەبەی یەكەم و دووەمی لەگەڵ بەستن ، ئەمانەش بە نهێنی ڕوویدا . دوای ئەمانە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیـدا بـە كۆچـككردن بـۆ مەدینە ، ئیتر دوای ئەوە هاوەڵان بەرە بەرە دەستیان كر دبە كۆچكردن .

## کۆچکردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە

دوای کۆچکردنی هاوەڵان ﷻ بۆ مەدینە ، پێغەمبەری خوا ﷺ خۆیی و ئەبو بەکریش ﷻ بەرە و مەدینە کەوتنەڕێ ، سەرەتا لە ئەشکەوتی ( ثور ) دا سێ ڕۆژ مانەوە و پاشان ڕۆیشتن بۆ مەدینە ، ئەوەبوو خەڵکەکە زۆر بە خۆشحاڵیەوە بە پیریان هاتن و بە گەرمی خێرهاتن کران ، دوای ئەوە مزگەوتەکەیی و ماڵەکەی دروستکرد ، و برایەتی لە نێوان کۆچەران و پشتیوانان هێنایە کایەوە .

## ڕوخسار و شێوازی

## پێغەمبەری ڕەوشت بەرزی ﷺ

پێغەمبەری خوا ﷺ باڵای مام ناوەند بووە ، نە کورتە باڵا بووە نە درێژ . دەم و چاوی گەش بووە ـ سوور و سپی بووە ـ ، ڕەشی چاوەکانی تۆخ بووە ، سنگ و سکی توکنێکی وا نەبووە کە توك داپپۆشێت ، مووی هەبووە لە ناوەڕاستی سنگەوە بۆ سەر سکی .

## ڕەوشتی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ

پێغەمبەری خوا ﷺ جوانترین خوو ڕەوشتی هەبووە ، ڕاستگۆترین کەس بووە ، زۆر نەرم ونیان بووە ، زۆر بە ڕێزەوە تێکەڵی خەڵکی کردووە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردوون ، خوای پەروەردگار لە بارەیەوە دەفەرموێت : ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ ( سورة القلم : ٤ ) ، واتە : بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و ئاکارێکی ئێجگار بەرز و گەورەیت .

وە زیرەکترین و جوامێرترین مەرد بووە ، و خاکیتیرین کەس بووە ، و بەشەرم و بە حەیاترین کەس بووە بە شەرمتر لە کچی عازەب لە شوێنی مانەوەیدا ، دیاری وەردەگرت و پاداشتیشی لەسەر دەدایەوە ، وصەدەقەی وەرنەدەگرت و نەیدەخوارد ، هەرگیز لەبەر نەفسی خۆی تورە نەدەبوو ، ئەگەریش تورە ببوایە لەبەر خوا تورە دەبوو ، هەرچ خواردنێك ئامادە بوایە دەیخوارد و فیزی نەدەکرد ، ئەگەریش حەزی لێ نەکردایە وەلای دەنا و هیچی نەدەووت ، هەرچیش ئامادەبووایە و هەیانبایە هەڵی نەدەگرت ، ئەگەریش هیچیان نەبوایە بۆ خواردن نە دەگەڕا و سەبری دەگرت ، و بەڕاکێشانەوە نانی نەدەخوارد ، مانگێك ودووان وسیان تێدەپەڕی ئاگرێك لە ماڵەکەیدا نەدەکرایەوە . هەروەها لە ڕەوشتە هەرە بەرزەکانی ـ ئەگەر چی ڕەوشتەکانی هەمووی بەرزن ـ دانیشتنی بوو لەگەڵ هەژار و نەدار و لێقەوماو و داماواندا ، وسەردانی نەخۆشی دەکرد و شوێنی جەنازە دەکەوت .

هەروەها گاڵتە و یاریشی دەکرد ، بەڵام لە ڕاست زیاتری نەدەوت ، وپێ دەکەنی بەڵام قاقای نەدەکرد ، ولە خزمەتی ماڵ و مناڵ و خێزانەکەی خۆیدا بوو ، هەروەك

خۆی دەفەرمویێت : " خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لأهْلِهِ ، وَأنَا خَيْرُكُمْ لأَهْلِي" ( الصحيحة للألباني ، برقم : ٢٨٥ ) ، واتە : باشترینتان ئەوەیە کە لەگەڵ خێزان و ماڵ و منداڵی خۆیدا باشترین بێت ، وە من باشترینتانم لەگەڵ خێزان و ماڵ ومنداڵی خۆمدا .

ئەنەس ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ دەڵێ : " خدمت رسول الله ﷺ عشر سنين فما قال لشيء فعلته : لم فعلته ، ولا لشيء لم أفعله ، ألا فعلت كذا ! " ( صححه الألباني في : الإحتجاج بالقدر ، لشيخ الإسلام ابن تيمية ، ص ٤٣ ) ، واتە : دە ساڵ خزمەتی پێغەمبەری خوام کرد ﷺ ، هەرگیزاو هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر شتێك کە کردبێتم پێی نەووتم : بۆ وات کرد ؟! وە لەسەر شتێك کە نەمکردبێت : بۆ وات نەکرد .. !!

هەمیشە نەرم ونیان بوو لەگەڵ خەڵکی ، وموعجیزەی پیشان دەدان ، خوای گەورە مانگی بۆ دووکەرت کرد ( رواه البخاري ومسلم ) ، و ئاو لە بەینی پەنجە موبارەکەکانیەوە هەڵقوڵا ( رواه البخاري ) ، و دار خورما لە بۆ شەوقی ئەو نازدارە دەستی کرد بە نوزە نوز ( رواه البخاري ) ، وە ووشتر سکاڵای بۆی هێنا ، وباسی هەر شتێکی نادیاری بکردایە ، بەو شێوەیەی ئەو باسی دەکرد پێشدەهات .

جا توخوا دارخورمایەك دەگری ، کە دەبینێ خۆشەویست لێی دوور دەکەوێتەوە . ڕووەکەکانیش موشتاقی ئەو بن ، تەنانەت شاخەکانیش ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێت : " أُحُدٌ جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ " ( رواه البخاري ومسلم ) ، واتە : ئوحود شاخێکە ئەو خۆشی دەوێین و ئێمەش خۆشمان دەوێ . دەی ئەی ئێمە بۆ نەگرین و موشتاقی بینینی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە نەبین ﷺ ـ بە ڕۆح ودایك

وبابمەوە بە فیدای بم ـ خوایە لە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت ، داوات لێ دەکەین بەو ناوەی کە ئەگەر داوات لێ بکرێ پێی وەڵام دەدەیتەوە و ڕەت ناکەیتەوە پێغەمبەر ﷺ بکەرە شەفاعەتکار بۆمان ، پەروەردگارا لە ئاو خواردن بەو دەستە موبارکەی لەسەر حەوزی کەوسەر مەحرومان مەکە ، آمین آمین آمین .

## ژیان و پەرستشی پێغەمبەر ﷺ

عائیشە ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ دەڵێت : " كان رسول الله ﷺ يقوم حتى تتفطر قدماه ، فقيل له في ذلك ، فقال : أفلا أكون عبداً شكوراً " ( متفق عليه ) ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ بەشەو هەڵدەسا و شەونوێژی دەکرد ، هەتا پێکانی هەڵدەئاوسا و شەقیان دەبرد ، عەرزیان کرد : ئەی ڕەسولی خوا بۆ ئاوها ئەکەی مەگەر خوا لە تاوانەکانی ڕابردوو و داهاتووت خۆش نەبووە ؟! ئەویش فەرمووی : ئەی نابێ بەندەیەکی سوپاسگوزار بم .

هەروەها لە عائیشەوە ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ دەڵێت : " ئەو ڕاخەرەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەری دەنووست ، لە پێستەیەکی پڕکراو لە لی پەلکی خورما دروست کرابوو " ( رواه مسلم ) !!

وە لە فەرمودەکەی ئیبن عومەردا ڕەزای خوای لێ بێ هاتووە دەڵێت : بەو دوو چاوەی خۆم پێغەمبەری خوام ﷺ بینی لە برسێتیدا ورگی پەل دەدا ، تەنانەت خورمایەکی خراپیشی دەست نەدەکەوت بیخوات و سکی پێ پڕ بکات ( رواه مسلم )

. ئاوها ژیا لەم دنیایەدا و ئاوهای گوزەراند ، بەڵام هیچ زیانێکیشی پێ نەگەیاند ، لە کاتێکدا گەورە و سەرداری هەموو پێغەمبەرانە . سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لە ئوممەتی ئەوی گێڕاین ، داواکارین لە خوای گەورە لەسەر قورئان سوننەتەکەی ئەو حەشرمان بکات و لەگەڵیا کۆمان بکاتەوە ، آمین آمین آمین .

## چۆن بیسەلمێنین کە خوا و پێغەمبەرمان ﷺ خۆش دەوێت ؟

ئایا چۆن بیسەلمێنین کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ خۆش دەوێت ؟

**ڕۆڵەکەم :** بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ خۆش دەوێت دەبێت گوێڕایەڵیکار و شوێنکەوتەی فەرمانەکانیان بین لە هەموو بوارەکانی ژیانمان ، ئەوەتا خوای بڵند و پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ ( سورة آل عمران : ٣١ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە خوای پەروەردگارتان خۆش دەوێت ئەوا شوێنی من بکەون ـ لە پاداشتی ئەمەشدا ـ خوای پەروەردگار خۆشی دەوێن و لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت ، خواش لێبووردە و بە بەزییە .

وە پێغەمبەری میهرەبانی ﷺ فەرموویەتی : " لا يُؤمِنُ أَحَدُكُم حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِيْن " ( متفق عليه ) ، واتە : هیچ کەسێك لە

ئێوە ئیمانی تەواو نەهێناوە تاکو منی خۆشتر نەوێت لە باوك و منداڵ و لە هەموو خەڵکانی تر .

## ناسینی ئایینی ئیسلامی پیرۆز

**ڕۆڵەکەم :** بزانە کە ئایینی ئیسلامی پیرۆز سێ پلە و بنەوایە ، کە ( الإسلام ) ، و ( الإیمان ) ، و ( الإحسان ) نن ، و هەریەك لەو پلە و بەشانەش بنەوا و پایەی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

## بنەواکانی ئیسلام چەندن و چین ؟

**ڕۆڵەی شیرینم :** ئەگەر پرسیارت لێ کرا کە بنەوا و پایەکانی ئیسلام چەندن و چین ؟ ئەوا لە وەڵامدا بڵێ : ئیسلام پێنج پایە و بنەوای هەیە کە ئەمانەن :

**یەکەم :** شایەتومان : کە ووتنی : (( أَشهدُ أن لا إله إلا الله ، و أشهد أنَّ محمداً رسول الله )) یە ، و واتە : شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ( الله ) ، و هیچ کەسێکیش نیە شایستەی شوین کەوتن جگە لە ( محمد ) ﷺ ، کە پێغەمبەر و نێردراوی خوای پەروەردگارە .

**دووەم : نوێژکردن :** کە بریتیە لە ئەنجامدانی پێنج فەرزەی نوێژ .

**سێیەم : ڕۆژووگرتن :** کە بریتیە لەئەنجامدانی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان .

**چوارەم : زەکات دانی ماڵ و سامانی موسڵمان :** ئەگەر گەشتە ڕێژەی دیاری کراو و ساڵی بەسەردا چوو ، بەو شێوەیەی کە لە شەرعدا هاتووە .

**پێنجەم : حەجکردن :** کە بریتیە لە سەردان و زیارەت کردنی کەعبەی پیرۆز ، لە گەڵ جێ بەجێ کردنی هەندێك مەراسیم و کرداری دیاری کراو .

بەڵگەش لە سەر ئەم پایانە ، فەرموودەی پێغەمبەری خوایە ، کە فەرموویەتی : " بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ : شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ ، وَحَجِّ الْبَيْتِ ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ " ( رواه البخاري ومسلم ) ، واتە : ئایینی ئیسلامی پیرۆز لە سەر پێنج پایە دامەزرێنراوە ، شایەتدان بەوەی کە هیچ خوایەك نیە شایستەی پەرستن جگە لە ( اللَّهُ ) ، و شایەتیدانیش بەوەی کە هیچ کەسێکیش نیە شایستەی شوین کەوتن جگە لە ( محمد ) ﷺ ، و بەندە و پێغەمبەر و نێردراوی خوای پەروەردگارە ، لەگەڵ ئەنجامدانی نوێژ و ، زەکات دان ، و حەجکردنی کەعبەی پیرۆز ، و ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان .

## بنەواکانی باوەڕ چەندن ، و کامانەن ؟

**ڕۆڵەی ژیرم :** ئەگەر پرسیارت لێ کرا کە بنەوا و پایەکانی باوەڕ چەندن و چین ؟ ئەوا لە وەڵامدا بڵێ : باوەڕ شەش پایە و بنەوای هەیە کە ئەمانەن :

**یەکەم :** باوەڕبوون بە خوای پەروەردگار .

**دووەم :** باوەڕبوون بە فریشتەکانی خوای پەروەردگار .

**سێیەم :** باوەڕبوون بە کتێبەکانی خوای پەروەردگار .

**چوارەم :** باوەڕبوون بە پێغەمبەرانی خوای پەروەردگار .

**پێنجەم :** باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی .

**شەشەم :** باوەڕبوون بە قەزا و قەدەر ، بەچاك و خراپییەوە .

بەڵگەش لە سەر ئەم پایانە ، فەرموودەی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، کە فەرموویەتی : " أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ " ( رواه مسلم ) ، واتە : باوەڕ بریتییە لە باوەڕبوون بە خوای پەروەردگار ، و فریشتەکانی ، و کتێبەکانی ، و پێغەمبەرانی ، و بە قەزا و قەدەر ، بەچاك و خراپییەوە .

## بنەوای ئیحسان چیە ؟

**ڕۆڵەی هۆشمەندم :** ئەگەر پرسیارت لێ کرا کە بنەوا و پایەی ئیحسان چەند و چیە ؟ ئەوا لە وەڵامدا بڵێ : ئیحسان یەك پایە و بنەوای هەیە کە ئەمەیە :

چاکەکاری و ئیحسان ( الإحسان ) بریتییە لە : هەستکردن بە چاودێری خوا لە پەرستندا ، وەك ئەوەی کە بیبینیت ، وە ئەگەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " الإحسان أنْ تَعبُدَ اللهَ كأنَّك تراهُ ، فإنْ لَمْ تَكُنْ تراهُ فإنَّهُ يَراك " ( رواه مسلم ) ، واتە : ئیحسان و چاکەکاری ( الإحسان )

بریتیە لەوەی کە : خوا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە بیبینیت ، وە ئەگەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت .

## شیرك و هاوەڵبڕیاردان

ئایا گەورەترین تاوان لای خوا چیە ؟

**ڕۆڵەی ئازیزم :** گەورەترین تاوان بریتیە لە شەریك و هاوەڵبڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار ، بەڵگەش لەسەر ئەم ووتەیە ووتەی خوای بڵند و پایەبەرزە کە فەرموویەتی : ﴿ وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ ( لقمان : ١٣ ) ، واتە : لوقمانی دانا لە کاتی ئامۆژگاری کردنی کوڕەکەی دەفەرمووێت : کوڕی شیرینم شەریك و هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار بڕیارمەدە ، چونکە شیرك و هاوەڵبڕیاردان گەورەترین ستەم و تاوانە .

وە کاتێ پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ : " أيُّ الذنب أعظم ؟ قال : أنْ تجعلَ للهِ نِدّاً وهو خلقك ! " ( متفق عليه ) ، واتە : ئایا گەورەترین تاوان چیە ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : گەورەترین تاوان ئەوەیە کە شەریك و هاوشێواز و هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگا دابنێیت لە کاتێکدا کە تەنها ئەو درووستی کردووی !

## شیرك و هـــاوەڵبڕیاردان چیە ؟

**ڕۆڵەکەم :** ئەگەر بۆت ڕوون بوویەوە کە شیرك و هاوەڵبڕیاردان گەورەترین ستەم و تاوانە ، ئەوا با بزانین جۆرەکان و واتای چیە ؟

## شیرك و هاوەڵبڕیاردان دوو جۆرە :

**یەکەم : شیرکی گەورە** ( الشرك الأكبر ) **:** کە بریتیە لە ئەنجامدانی پەرستن بۆ جگە لە خـوای پـەروەردگار ، وەکـو دوعـا و پاڕانـەوە لـە غـەیری خـوا ، وە داوای فریاکەوتن لە مردوو یان زیندووانی نادیار ، یان لەو شتانەی کە لە توانایاندا نیە ، و تایبەتمەندی خوای پەروەردگارە ، خوای پایەبەرز فەرموویـەتی : ﴿ وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا ﴾ ( النساء : ٣٦ ) ، واتە : بە تەنها خوا بپەرستن و هـیچ شـەریك و هاوەڵێکی بۆ ئەنجام مەدەن .

وە پێغەمبـــەر ﷺ فـــەرموویەتی : " أكبر الكبائر : الإشراك بالله ... " ( صحيح البخاري رقم : ٦٨٧١ ) ، واتە : گەورەترین تاوان لە تاوانە گەورەکان : شیرك ئەنجامدان و هاوەڵبڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار .

**دووەم : شیرکی بچووك** ( الشرك الأصغر ) **:** کـە ئەمانـەی خـوارەوە هەنـدێك نموونەین :

١ ـ **ڕووپامایی کردن لە پەرستندا** ( الرياء ) : خوای بڵند و پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا ﴾ ( الكهف : ١١٠ ) ، واتە : هەرکەسێك ئومێدی ئەوەی هەیە کە بگاتە خوای پەروەردگاری ئەوا با کردەوەی چاکە بکات و لە پەرستنی پەروەردگاریدا کەس نەکات بە شەریکی .

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " إنَّ أخوفَ ما أخافُ عليكم الشركُ الأصغر : الرياء " ( الصحيحة للألباني ، برقم : ٩٥١ ) ، واتە : ترسناکترین شت کە لێی بترسم تووشتان ببێت شیرکی بچووکە کە : ڕووپاماییە لە پەرستنەکانتاندا .

٢ ـ **ووتنی** : ئەگەر خوا و فلان نەبوا ، یان ووتنی : ئەگەر خوا و تۆ ویستان لێی بێت :

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " لا تقولوا : ما شاء اللّٰهُ وشاء فلان ، ولكن قولوا : ما شاء اللّٰهُ ثُمَّ شاء فلان " ( صحيح سنن أبي داود برقم : ٤٩٨٠ ) ، واتە : مەڵێن : ئەگەر خوا ویستی لێ بێت و فلان ویستی لێ بێت ، بەڵکو بڵێن : ئەگەر خوا ویستی لێ بێت پاشان فلان ویستی لێ بێت .

٣ ـ **سوێندخواردن بە غەیری خوا** :

ئەم کردارەش شیرکی بچووکە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " مَنْ حلفَ بغير الله فقد أشركَ " ( صحيح سنن أبي داود للألباني ، برقم : ٣٢٥١ ) ،

واتە : هەرکەسێك سوێند بخوات بە غەیری خوای پەروەردگار ئەوا شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار داوە .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " مَنْ كان حالفاً فلْيَحلِفْ بالله أو لِيَصْمُتْ " ( رواه البخاري ) ، واتە : هەرکەسێك سوێندی خوارد ئەوا با سوێند بە خوای پەروەردگار بخوات یاخود با بێدەنگ بێت .

## قورئانی پیرۆز

ئایا بۆ چی خوای پەروەردگار قورئانی پیرۆزی بۆ دابەزاندووین ؟

**ڕۆڵەی ژیرم :** خوای پەروەردگار قورئانی پیرۆزی بۆ دابەزاندووین بۆ ئەوەی کردەوەی پێبکەین ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ ( الأعراف : ٣ ) ، واتە : شوێنی ئەوە بکەون کە بۆتان دابەزێنراوە لە لایەن پەروەردگارتانەوە ، و جگە لە خوا کەسانێکی تر مەکەن بەدۆستی خۆتان وشوێنی هەوا و ئارەزووەکانیان بکەون و وازبێنن لەو حەق و ڕەواییەی کە بۆتان دابەزیووە لە خواوە ، ئێوە کەم جارێك بیر دەکەنەوە !

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " اقرؤوا القُرآنَ واعمَلوا بهِ ولا تأكلوا بهِ " ( الصحيحة للألباني ، برقم : ٢٦٠ ) ، واتە : قورئان بخوێننەوە و کردەوەی پێبکەن وە بە قورئان کاسپی مەکەن .

## پاداشتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز

**ڕۆڵەی ئازیزم :** ئەوەش بزانە کە پاداشتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز زۆر گەورەیە لە لای خوای پەروەردگار هەروەکو لەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە کە ( عبدالله ) ـی کوڕی ( مسعود ) لە پێغەمبەری خواوە ﷺ سەبارەت بە پاداشتی قورئانی پیرۆز ـ کە گەورەترین زیکرە ـ بۆمان دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : " مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ ، وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا ، لاَ أَقُولُ : ﴿ الم ﴾ حَرْفٌ ، وَلَكِنْ أَلِفٌ حَرْفٌ ، وَلاَمٌ حَرْفٌ ، وَمِيمٌ حَرْفٌ " ( صحيح

الجامع الصغير برقم : ٦٤٦٩ ) ، واتە : هەر کەسێك پیتێك لە قورئانی پیرۆز بخوێنێت ، بە هەموو پیتێکی چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت ، چاکەی لە لای خوای پەروەردگار بە دە ئەوەندەی خۆیەتی و چەند جار دەکرێتەوە ، ناڵێم ﴿ الم ﴾ بە پیتێك دەژمێردرێت ، بەڵکو ﴿ أَلِف ﴾ بە تەنها پیتێکە و ﴿ لاَم ﴾ یش پیتێکە ، و ﴿ مِيم ﴾ یش پیتێکە .

وە ( عقبة ) ـەی کوڕی ( عامر ) رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێکیان لە صوفەدا ( صُفَة : شوێنێك بوو لە کۆتایی مزگەوتدا ، شوێنی ئەو کەسانە بوو کە شوێن ، جێگەی مانەوەیان نەبوو ) بووین ، پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لامان ، و پێی فەرمووین : " أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنْ يَغْدُوَ كُلَّ يَوْمٍ إِلَى بُطْحَانَ أَوْ إِلَى الْعَقِيقِ فَيَأْتِيَ مِنْهُ بِنَاقَتَيْنِ كَوْمَاوَيْنِ فِي غَيْرِ إِثْمٍ وَلاَ قَطْعِ رَحِمٍ ؟ " . فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ ! نُحِبُّ ذَلِكَ . قَالَ : " أَفَلاَ يَغْدُو أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَيَعْلَمَ أَوْ يَقْرَأَ آيَتَيْنِ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ نَاقَتَيْنِ ، وَثَلاَثٌ خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلاَثٍ ، وَأَرْبَعٌ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَرْبَعٍ ، وَمِنْ أَعْدَادِهِنَّ مِنَ الإِبِلِ " ( رواه مسلم ) ، واتە : کامەتان حەزتان لێیە کە هەموو بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێك بڕوات بۆ دۆڵی ( بُطحان : کە دۆڵێکە لە دۆڵەکانی مەدینە ) ، یان بڕوات بۆ ناوچەی ( العقيق : شوێنێکە نزیکەی سێ میل یان دوو میل لە مەدینەوە دوورە ) ـ ئەم دوو شوێنە نزیکترین دوو شوێنێك بوون کە ووشتریان تێدا بفرۆشرێت ـ بۆ ئەوەی دوو ووشتری سەر پشت گەورە دەست کەوێت ـ کە یەکێکە لە باشترین دارییەکانی عەرەب ـ بێ ئەوەی تووشی تاوان بێت ، وەکو دزینی یان داگیرکردنی ، یان ببێتە هۆی بڕینی صیلەی خزمایەتی . ڕاوی دەڵێت : ئێمەش ووتمان : ئێمە دەمانەوێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ . ئەویش فەرمووی : هەریەك لە ئێوە

بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێك بڕوات بۆ مزگەوت ، دوو ئایەت لە قورئـانی پـیرۆز فێـری کەسێك بکات ، یان بیانخوێنێتەوە ، ئەوا ئەو دوو ئایەتە باشترن بۆی لەو دوو ووشترە سەر پشت گەورانە ، سێ ئایەتیش لە سێ ووشـتر ، و چـواریش لـە چـوار ووشـتر ، ووشترەکان بە ژمارەی ئایەتەکان دەبێت ، ئاشکراشە ئەمەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ زیاتر هاندانیانی بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز کە باشترین و پیرۆزترین زیکرە .

وە پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : " خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ " ( رواه البخاري ) ، واتە : چاکترینی ئێوە ئەوتانە کە قورئان فێرببێت ، و فێری کەسـی تری بکات .

# تەفسیری چەند

# سورەتێکی قورئانی پیرۆز

## تەفسیری سورەتی ﴿ الفاتحة ﴾

﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ◗ 🗁 ☎ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ◗ 🗎 ☎ الرَّحْمَنِ
الرَّحِيمِ ◗ 🗏 ☎ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ◗ 🗐 ☎ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ◗ 🗄 ☎
اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ◗ ⌛ ☎ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ
وَلَا الضَّالِّينَ ◗ 🖮 ☎ ﴾ ( ١ - ٧ ) .

﴿ بِسْمِ اللَّهِ ﴾ واتە : بە هەموو ناوەکانی خوای پەروەردگارەوە دەست پێ دەکەم ، ﴿ اللَّهُ ﴾ کە تەنها پەرستراوێکە شایستەی پەرستنە ، و ئەوەی کە بە تەنها بپەرسترێت ، ئەوەش لەبەر ئەو هەموو سیفەتە تەواوانەی کە هەیەتی .

﴿ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ﴾ : دوو ناوون لە ناوەکانی خوای پەروەردگار کە بەڵگەن لە سەر ئەوەی خاوەن بەزەییەکی گەورە و فراوانە هەموو شتێك و زیندوویەکی گرتووەتەوە .

﴿ الْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾ هەموو حەمد و ستایشێك تەنها شایستەی ئەوە بە هەموو شێوەیەکیەوە ، ﴿ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ ( الرَّب ) : واتە پەروەردگاری هەموو جیهانیان ـ کە هەموو شتێك جگە لە خوای پەروەردگار دەگرێتەوە ـ کە بە بێ ئەو نیعمەتانە ناتوانن بمێننەوە .

کەواتــە ووتــەی خــوای پــەروەردگار کــە فەرموویــەتی : ﴿ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ بەڵگەیە لە سەر تەنهایی لە دروستکرن و بەڕێو بەرایەتی ، و نیعمەت پێ بەخشـین ، و دەوڵەمەندێتی تەواو ، و پێویستی هەموو جیهانیان بۆ ئەو بە هەموو شێوەیەك.

﴿ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ﴾ ( المالك ) : ئەو زاتەیە کە سیفەتی مولکیەتی درابێتـە پـاڵ ... وە ئـەوەی کە خـاوەن ڕۆژی دواییە ، کـە ڕۆژی قیامـەتـە ، ئـەو ڕۆژەی کـە خەڵکی موحـاسەبە دەکرێن لـە سەر کردەوەکانیـان ، چـاك و خراپـی ، لـــە بـەر ئـەوەیە لـەو ڕۆژەدا ، خـاوەنداریێتی و دادپـەروەری و دانایی و دوابــڕاوێتی دارایـی دروستکراوەکان بە تـەواوی دەردەکەوێت بۆ دروست کـراوەکانی ، لـەو ڕۆژەشە کــە پاشـا وژێردەستە وبەندە وئازادەکان هەر هەموو وەکو یەکن ویەك ئاستن .

ئایەتی : ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ واتە : تەنها تـۆ تایبـەت دەکـەین بـە پەرستنەکان و داوای یارمەتی کردن ، چونکە پێشخسـتنی ﴿ إِيَّاكَ ﴾ تایبـەتکردن دەگەیەنێت ، تەنها بۆ ئەو و دورخستنەوەی لە جگە لەو ، هەروەك بڵێت : تەنها تـۆ دەپەرستین و جگە لە تۆ ناپەرستین ، داوای یارمەتی تەها لە تۆ دەکەین و جگە لـە تۆی ناکەین .

و پەرستن ( العبادة ) : نـاوێکی کۆکەرەوەیـە بـۆ هـەموو ئەوانـەی کـە خـوای پەروەردگار خۆشی دەوێن ، و پێی ڕازیە ، لە هەموو کـردار و گوفتارێـك ، ئاشـکرا بێت یان پەنهان .

و داوای یارمەتی کردن ( الاستعانة ) بریتیە لە متمانە کردنە سەر خوای پەروەردگار لە سودمەند بوون و لە دوورخستنەوەی زیانەکان ، لە گەڵ بوونی متمانە پێی لە جێبەجێکردنی ئەوەدا .

بێگومان متمانەکردنە سەر خوای پەروەردگار و داوای یارمەتی لێکردنی هۆکاری بە دەست هێنانی خۆشبەختی هەتا هەتایی ، و ڕزگار بوون لە هەموو خراپەیەك .

پەرستنیش کاتێك پێی دەووترێت پەرستن ئەگەر لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەربگیرێت ، و تەنها بۆ ڕەزامەندی خوای پەروەردگار ئەنجام بدرێت ، ئەم دوو خاڵەیە پەرستن درووست دەبێت .

هێنانەوەی ( الاستعانة ) دوابەدوای ( العبادة ) کە بەشێکە لێی بۆ ئەوەیە کە بەندەکان لە هەموو شتێکیاندا پێویستیان بە داوای یارمەتی هەیە لە خوای پەروەردگار .

پاشان دەفەموێت : ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴾ واتە : دەلیل و ڕێنیشاندەر ، و سەرکەوتوومان بکە بۆ ڕێگەی ڕاست ، کە ئەو ڕێگە ئاشکرا و ڕوونەیەی کە دەمانگەیەنێت بە خوای پەروەردگار ، و بە بەهەشتی بەرینی ، کە بریتیە لە ناسینی ڕەوایی و کارپێکردنی . بۆیە ئەم پاڕانەوە یەکێکە لە فراوانترین بەسود ترین پاڕانەوەیە بۆ موسڵمان ، بۆیە پێویستە لە هەموو ڕکاتێکدا بخوێنرێت لە کاتی نوێژدا .

ئەم ڕێگا ڕاستەش ئەو ڕێگەیەیە ﴿ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ ﴾ ڕێگای ئەوانەی کە نیعمەتی خۆی بەسەرا ڕشتوون لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان ﴿ غَيْرِ ﴾ نەك ڕێگای ﴿ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ ﴾ ئەوانەی کە ڕەواییان زانیوە و وازیان لێهێناوە ، وەك جولەکەکان و هاوشێوەکانیان ، وە ڕێگای ئەوانەش نە کە ﴿ الضَّالِّينَ ﴾ گومڕان ، ئەوانەی کە وازیان لە ڕەوایی هێناوە لە بەر نەزانی و گومڕاییان ، وەکو خاچ پەرستان و هاوشێوەکانیان .

ئەم سورەتەش سەرەڕایی کورتی ، ئەوەندە بابەتی گرتووەتە خۆ کە لە هیچ سورەتێکی تری قورئاندا نەبێت ، بۆیە دەبینین هەرسێ جۆری یەکتا پەرستی خوای پەروەردگاری تێدایە :

✍ یەخواپەرستی پەروەردگاریتی لە ﴿ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ وەردەگیرێت .

✍ وە یەکخوا پەرستی پەرستیاریتی ، کە بریتیە لە بەتهەنها پەرستنی خوای پەروەردگار لە پەرستندا ، و وەردەگیرێت لە ﴿ اللَّهُ ﴾ ، و لە ووتەی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ ﴾ .

✍ وە یەکخوا پەرستی لە ناو و سیفەتدا ، کە بریتیە لە جێگیرکردن و سەلماندنی هەموو ناو و سیفەتێکی کامڵ بۆ خوای پەروەردگار ، کە خوای پەروەردگار بۆ خۆی جێگر و سەلماندووە لە قورئانی پیرۆز ، یان پێغەمبەرەکەی ﷺ جێگر و سەلماندوویەتی بۆی بەبێ پەکخستن و لێکچواندن و شوبهاندنی ، ئەوەش کە ئامازەی بۆ ئەوە کردبێت : ﴿ الْحَمْدُ ﴾ هەروەکو لە پێشدا باسکرا .

هەروەها ئەم سورەتە پێغەمبەرایەتی دەسەلمێنێت ، ئەوەش لەو ووتەیەی کە فەرموویەتی : ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴾ ، چونکە ئەوە ڕوو نادان ئەگەر پەیامبەرێتی نەبێت .

لە گەڵ جێگیرکردنی ڕۆژی دوایی و پاداشت لە سەر کردەوەکان ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ﴾ بێگومان ئەو پاداشت دانەوەش بە دادپەروەری دەبێت ، چونکە ووشەی ( الدين ) واتە : پاداشدانەوە بە دادپەروەری .

هەروەها ئەنجامدانی ئایینی بەتاك و تەنها بۆ خوا گرتووتە خۆ ، پەرستن بێت یان هاوارتێکردن و داوای یارمەتی کردن ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ جا شوکر و ستایش بۆ پەروەردگاری هەموو جهانیان .

## تەفسیری سورەتی ﴿ الإخلاص ﴾

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ اللَّهُ الصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴿٤﴾ ﴾ ( ١ - ٤ ) .

﴿ قُلْ ﴾ ، واتە : ووتەیەك بڵێ كە دڵنیایی تەواوت لێ هەبێت ، و باوەڕیشت پێی هەبێت ، لە گەڵ زانینی واتاكەشی ، ﴿ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ ، واتە : تاك و تەنهایی تەنها هەر بۆ ئەوە ، هەر ئەوە ئەو تاك و تەنهایەی كە كامڵ و تەواوە ، ئەو خوایەی كە هەموو ناوێكی جوان و سیفەتێكی كامڵ و تەواو و بەرز و بڵندی هەیە ، كردەوەكانی پاك و بێگەردن ، ئەوەی كە نەهاوشێوە ونەش هاوتای هەیە .

﴿ اللَّهُ الصَّمَدُ ﴾ ، واتە : هانا پێبراو و جێگەی مەبەستە لە هەموو پێویستیەكاندا هەر ئەوە ، چونكە ئەهلی دونیا ئەوانەی كە لە ئاسمانەكان ، و لە زەویشدا هەن هەموو هەژار و نەدارنەن و پێویستیەكی تەواویان پێی هەیە ، داوای هەموو پێویستیەكانیان تەنها لەو دەكەن .

هەر لە كامڵێتیە كە ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾ نە كەسی لێ بووە و نەش لە كەسەوە بووە ﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴾ و هیچ جۆرە هاوشێوە ، و هاوتایەكی نیە ، نە لە ناوەكانیدا ، و نەش لە سیفەتەكانیدا ، و نەش لە كردارەكانیدا ، بەفەڕ و پیرۆز و بەرز و بڵند بێت ئەو خوایە .

# تەفسیری سورەتی ﴿ الفلق ﴾

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ ◑🗁☎ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ◑🗎☎ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ◑🗏☎ وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ ◑🗐☎ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ◑🗄☎ ﴾ ( سورة الفلق : ١ ـ ٥ ) .

واتە : ﴿ قُلْ ﴾ پەنا بگرە و بڵێ ، ﴿ أَعُوذُ ﴾ واتە : هانا دەبەم و پەنادەگرم بـ ﴿ بِرَبِّ الْفَلَقِ ﴾ ، واتە : بە پەروەردگارێك كە كرێنـەرەوە ، و ڕوێنـەری دانەوێڵـە و تۆوەكانە ئەو پەروەردگارەی كە ڕۆژ دەكاتـەوە ، دوای ئـەو تاریكیـەی كـە بـە سـەر دونیادا دێت .

﴿ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴾ لە هەموو ئەوانەی كە خوای پەوردەگار درووستی كردوون لە مرۆڤ و جنۆكە و ئاژەڵ ، ﴿ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴾ ، وە لە خراپەی ئەوانـەی كە لە شەودا دەبێت ، كاتێك خەو باڵی خۆی ڕادەكێشێت بە سەر خەڵكیـدا ، وەكـو هەموو ئەو خراپە خوازەنەی كە بڵاو دەبنەوە ، لە گەڵ ئاژەڵە زیان بەخشەكانیشدا .

﴿ وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ ﴾ وە لـە خراپـەی هـەموو ئـەو جادوگـەرە ئافرەتانەی كە یامەتی ئەنجامدانی جادوكردن دەدەون ، بە فووكردن بە گرێدراوەكاندا ، كە گرێی دەدەن بۆ ئەنجام دانی جادووەكە .

﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾ وە لە خراپەی حەسودێك كە حەسودیم پێ ببات ، حـەسـودیش : ئـەو كـەسەیە كـە پێـی خۆشـە ئـەو نیعمەتـەی كـە لـە

بەرامبەرەکەیدا هەیە نەمێنێت ، وەهوڵیش بۆ نەمانی دەدات ، بە هەمــوو ئــەو هــۆکارانەی کە لە توانایدا هەن ، بۆیە پێویست دەکات کە پەنا بگیرێت بــە خــوای پەروەردگار لە خراپەی کەسانە ، بــۆ ئەوەی هەموو تەڵەکەکانی پوچەڵ ببێتەوە .

## تەفسیری سورەتی ﴿ الناس ﴾

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ النَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَهِ النَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ ﴿٤﴾ الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ الْجِنَّةِ وَ النَّاسِ ﴿٦﴾ ﴾ ( سورة الناس : ١ ـ ٦ ) .

ئەم سورەتە ئەم شتانە دەگرێتەخــۆ : پەنا گرتن بــە پــەروەردگاری خـــەڵك ﴿ بِرَبِّ النَّاسِ ﴾ ، و خــاوەن ﴿ مَلِكِ النَّاسِ ﴾ ، و پەرســتراویان ﴿ إِلَهِ النَّاسِ ﴾ ، لــە شــەیتان ﴿ الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ ﴾ کــە سەرچــاوە و بنــەوای هــەموو خراپەیەکە ، کە یەکێك لە فیتنە و خراپەکانی ئەوەیە کە ختورە و وەسوەســە دەکات لــە دڵی خەڵکدا ، بە شێوەیەك خــراپەیان بوو جوان دەکـــاتەوە و دەیـــڕازێنێتەوە ، لــە ســەر شێوەیەکی جــوان بۆیــانی دەردەبــڕێت ، ویستیانیش وا دەبزوێنێت کە ئەو کردارە ئەنجام بدەن ، و چاکەکاریشیان لە بەر چــاو نــاشرین دەکاتەوە ، ســـاردیشیان دەکــاتەوە لێی ، وە بە شێوەیەکی تــر دور لــە شێوە ڕاستەقینەکەی خــۆی دەیهێنێتە پێش چاویــان ، هەمــوو کاتێك بــەم شێوەیە دەبێت ، ختورە و وەســوەسە دەکــات ، و

دورده‌كه‌وێته‌وه‌ ، واته‌ : دورده‌كه‌وێته‌وه‌ ئه‌گه‌ر به‌نده‌ زیكر و یادی په‌روه‌ردگاره‌كه‌ی بكات و داوای یارمه‌تی لێ بكات بۆ دورخستنه‌وه‌ی .

وه‌سوه‌سه‌كانیش هه‌ر وه‌كو چۆن له‌ لایه‌ن جنۆكه‌وه‌ ده‌بێت ، له‌ مرۆڤیشه‌وه‌ ده‌بێت ، بۆیه‌ خوای په‌روه‌ردگار فه‌رموویه‌تی : ﴿ مِنَ الْجِنَّةِ وَ النَّاسِ ﴾ له‌ جنۆكه‌و خه‌ڵكیش .

# فێربوونی فیقه و شەریعەت

## هەندێك لە ئەحكامەكانی پاكژی و ئادابەكانی چوونە سەرئاو :

**ڕۆڵەكەم :** یەكێك لە نیعمەتەكانی خوای پەروەردگار ئەوەیە كە ئاوی بۆ دروست كردووین و لە ئاسمانەوە بۆی دابەزاندووین ، و پاشان لە زەویدا جێگری كردووە بۆ ئەوەی مرۆڤ سودمەند بێت پێی و بۆ پێویستیەكانی بەكاری بهێنێت ، وەك خواردنەوە و خۆپێپاككردنەوە لە خۆشۆردن و دەستنوێژ و تارات گرتن ... هتد ، لەولاشەوە بۆ زەرعات بەكاری دێنن ، و چەندەها سودی تر ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمُ الأَنْهَارَ ﴾ ( سورة إبراهيم : ٣٢ ) ، واتە : ( ﷲ ) ئەو خوایەیە كە ئاسمانەكان و زەویشی بۆ خوڵقاندوون ، و ئاوێكی لە ئاسمانەوە بۆ دابەزاندوون ، و بەهۆیەوە چەندەها بەرووبوومی بۆ بەرهەم هێناون ، و كەشتی بۆ تەسخیر كردوون بۆ ئەوەی بە ناو دەریاكاندا بەویستی ئەودا بڕوات ، و ئاوی ڕووبارەكانی بۆ تەسخیر كردووە و خستوویەتیە ژێر ڕكێفی ئێوەوە ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا ﴾ ( سورة الفرقان : ٤٨ ) ، واتە : لە ئاسمانەوە ئاوێكی پاك و پاككەرەوەی بۆ دابەزاندووەتە خوارەوە .

**جا ڕۆڵەكەم :** ئەوەی مەبەست بێ لێرەدا ئەوەیە كە ئەو نیعمەتەی خوای پەروەردگار موسوڵمان چۆن لە پاكژی و لە تاراتگرتن ، و چوونە سەرئاو و

دەستنوێژگرتندا بەکاری بێنێت ، بۆیە لێرەدا پێش ئەوەی بڕۆمە سەر باسی دەستنوێژ و هەندێك لە ئادابەکانی چوونە سەرئاوت ، و تارات گرتنت بۆ باس دەکەم کە هەموو موسڵمانێك گەورە بێت یان لە تەمەنی تۆدا ، پێی هەستێ و خۆی بەو نیعمەتەی خوا ـ کە ئاوە ـ پاك بکاتەوە ، ئەوەش بەم پێیەی خوارەوە :

## ئادابەکانی

## چوونە سەرئاوت تارات گرتن

**ڕۆڵە پاك و خاوێنەکەم :** ئەگەر ویستت بڕۆیتە سەرئاو بۆ تارات گرتن ئەم ئادابانە ڕەچاو و جێبەجێ بکە :

**یەکەم :** ئەگەر ویستت بڕۆیتە ژوورەوە ، پێی چەپت پێش بخە ، و بڵێ : (( بسم الله ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ )) ( متفق عليه ) ، واتە : بەناوی خوا ، ئەی پەروەردگارم پەنات پێ دەگرم لە خراپەی هەموو جنۆکەیەکی نێر و مێ .

**دووەم :** لە کاتی دانیشتنت ڕوو مەکە لە قیبلە و پشتیشی تێ مەکە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إذا أتيتم الغائط فلا تستقبلوا القبلة ولا تستدبروها ولكن شرقوا أو غربوا " ( متفق عليه ) ، واتە : ئەگەر ڕۆشتنە سەرئاو ئەوا ڕوو لە قیبلە و پشتیشی تێمەکەن ، بەڵکو ڕوو لە ڕۆژهەڵات بکەن یان ڕوو لە ڕۆژئاوا بکەن .

**سێیەم :** با دەستی ڕاستت بەر عەورەتت نەکەوێت ، و تاراتیشی پێمەگرە ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " وإذا أتى الخلاء فلا يمس ذكره بيمينه ، ولا يتمسح بيمينه " ( متفق عليه ) .

**چوارەم :** خۆت بپارێزە لە پیسی و پرشی میز و خۆت بە جوانی پاك بکەرەوە ، چونکە گوێنەدانە ئەوە هۆی سزایی ناو گۆڕە ، خوا پەنای من و تۆش بدات ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إنهما ليعذبان وما يعذبان في كبير أما أحدهما فكان لا يستتر من البول " ( متفق عليه ) ، واتە : خاوەنی ئەو دوو گۆڕە سزا دەدرێن ، لە سەر شتێکی گەورەش سزا نادرێن ، سەبارەت بەیەکەمیان : خۆی نەدەپاراست لە پرشی میزەکەی ، وە لە ڕیوایەتێکی تری ( مسلم ) دا هاتووە : " لا يستنزه من البول " ، واتە : خۆی بەباشی لە میز پاك نەدەکردەوە .

**پێنجەم :** کە ڕۆشتیتە دەرەوە پێی ڕاستت پێش بخە و بڵێ : " غُفْرَانَكَ " ، واتە : خوایا داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم ، چونکە دایکە عائشە ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو کارەی ئەنجام داوە .

**شەشەم :** پاشان هەردوو دەستت ، بە صابوون پاك دەشوەیت ، بۆ نەهێشتنی ئەو پیسی و بۆنەی کە بە دەستەکانتەوە نووساوە .

# دەستنوێژ

**ڕۆڵەی ژیر و دانام** لەم بەشەدا گوێڕایەڵم بە بۆ ئەوەی چۆنێتی دەستنوێژی پێغەمبەری خوات ﷺ پێ فێربکەم بۆ ئەوەی لە پێش نوێژەکەت ، و بە شێوەیەکی تێر و تەسەل ئەنجامی بدەیت :

**یەکەم : ڕۆڵەکەم :** دەستنوێژ بریتیە : لە بەکار هێنانی ئاوی پاك بەسەر چەند ئەندامێکی دیاری کراودا ، کە خوای پەروەردگار دیاری کردوون ، و پێغەمبەری خواش ﷺ بۆی ڕوون کردووینەتەوە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ ﴾ ( سورة المائدة : ٦ ) ، واتە : ئەی بڕواداران ئەگەر هەستان بۆ نوێژ ، ئەوا ڕوومەتتان بشوەن لەگەڵ هەردوو دەستان تاکو ئانیشکەکانتان ، و دەستیش بهێنن بەسەرتاندا ، و قاچەکانیشتان تاکو قاپەڕەقەتان بشوەن .

وە پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ فەرموویەتی : " لا تُقبل صلاةُ أحدِكم إذا أحدث حتى يتوضأ " ( متفق عليه ) ، واتە : نوێژی هیچ یەکێك لە ئێوە درووست نیە ، ئەگەر دەستنوێژەکەی بەتاڵ بووەوە ، تاکو جارێکی تر دەستنوێژەکەی نەشواتەوە .

**دووەم : ڕۆڵەی بەڕێزم :** ئەگەر هەستای بۆ دەستنوێژ گرتن ئەوا نیازی ئەو کارە لە دڵتدا بهێنە ، بێ ئەوەی بە زمان بیڵێیت ، لە بەر نەهاتن و وارد نەبوونی بەڵگە لە پێغەمبەرەوە ﷺ لە سەر ئەو کارە ، پاشان ناوی خوا بهێنەو بڵێ : ( بسم الله ) ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا فەرموویەتی :

" لا وضوء لمن لم يذكر اسم الله عليه " ( صحيح الجامع : ٧٤٤٤ ) ، واتە : دەستنوێژەکەی تەواو نیە ئەو کەسەی کە ( بسم الله ) نەکات لە سەرەتای دا .

**سێیەم : ڕۆڵەی شیرینم** : پاشان هەردوو دەستت سێ جار بشوە ، و پاش ئەوەش سێ جار ئاو بدە بە دەمتدا ، کە پێی دەووترێت : ( المضمضة ) [٣] ، پاشان سێ جار ئاو بە لووتتدا بدە ، کە پێی دەووترێت : ( الإستنشاق ) [٤] ، و هەڵیشی مژە ، ئەم کردارەش بەدەستی ڕاست ئەنجام بدە ، و لە هەموو جارێکیش دا هنگی بکەوە ، کە پێی دەووترێت : ( الإستنثار ) [٥] ، کە ئەمەشیان بەدەستی چەپ ئەنجام دەدرێت ، هەموو ئەمانەش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ واردن وسەلمێنراون .

**چوارەم** : پاشان ڕوومەتت سێ جار بشوە ، وپاشان سێجار هەردوو دەستت تا ئانشکەکانت بشوە .

**پێنجەم** : پاشان جارێك هەردوو دەستت بە سەر هەموو سەرتدا بهێنە ، لە بەر ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای پەروەردگار تیایدا فەرموویەتی : ﴿ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ ﴾ ، پێغەمبەری خواش ﷺ چۆنیتی ئەم دەست بە سەردا هێنانەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە ، هەروەکو چۆن ( عبدالله ) ی کوڕی ( زید ) رضي الله عنه لێ یەوە بۆی گێڕاوینەتەوە : " أن النبيَّ ﷺ مسح رأسهُ بيديه ، فأقبل بهما و أدبر ، بدأ بِمُقدَّم

---

[٣] ( المضمضة ) : بریتیە لە شوشتنی دەم و تێوەردانی ئاو تیایدا .

[٤] ( الاستنشاق ) : گەیاندنی ئاوە بۆ ناوەوەی لووت ، لە گەڵ هەڵمژینی بۆ سەرەوەی .

[٥] ( الإستنثار ) : بریتیە لە دەرکردنەوەی ئاوی ناو لووت دوای هەڵمژینی .

رأسه ، ثم ذهب بهما إلى قفاه ، ثمَّ ردَّهما إلى المكان الذي بدأ منه " ( متفق عليه ) ، واته : پێغەمبەری خوا ﷺ كە دەستی هێنا بە سەریدا لە پێشەوە دەستی پێكرد تاكو كۆتایی ، واته لە پێشەوەی سەری دەستی پێكرد تاكو گەیاندنی بە پشتی سەری ، پاشان گەڕاندنیەوە بۆ ئەو شوێنەی كە لێیەوە دەستی پێكردبوون .

**شەشەم : ئازیزم** : پاشان دەست بهێنە بەگوێكانتدا ، حوكمەكەشیان هەمان حوكمی سەرە ، چونكە بەشێكن لە سەر ... لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وارد و سەلمێنراوە كە فەرموویەتی : " الأُذُنَانِ مِنَ الرَّأْسِ " ، واته : گوێكان بەشێكن لە سەر .

**حەوتەم : ڕۆڵەی خۆم** : پاشان هەردوو پێت سێ جار بشۆوە ، سوننەتیشە پەنجە تووتەی دەستی چەپت بخەیتە ناو پەنجەكانی پێتەوە لەكاتی شووشتنیاندا ، چونكە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وارد وسەلمێنراوە كە ئەو كارەی ئەنجام دابێ .

**هەشتەم : جگەر گۆشەكەم** : ئا بەم شێوەیە هەمووی بە تەرتیب و یەك لەدوای یەك پێكەوە ئەنجامیان دەدەیت ، بە شێوەیەك بەدوای یەكدا شووشتنی ئەندامەكانی دەستنوێژ ئەوەندە ماوەی فراوان نەكەوێتە نێوانیان ، سوننەتیش وایە لە هەموو ئەمانەدا بە ئەندامی ڕاستە دەست پێ بكەیت ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی كە دایكە ( عائشە ) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ بۆمان دوگێڕێتەوە : " كان رسول الله ﷺ يحب التيامن في تنعله ، و ترجله ، وطهوره ، وفي شأنه كُلِّه " ( صحيح الجامع : ٢٧٦٢

) ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لە ڕاستە بوو ، لە پێڵاوکردنە پێ ، و لە پرچ داهێنان ، و لە خۆپاکردنەوەکانی ، و لە هەموو کردارێکدا .

**نۆیەم : ڕۆڵەکەم** : سوننەتیش وایە ئاو کەم بەکار بهێنیت ، وزیاد ڕەوی تێدا نەکەیت ، وە بشزان : ئەنجامدانی کردارەکانی دەستنوێژ یەکجار یەکجار ، و دووجار دووجار ، و سێ جار سێ جاریش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وارد وسەلمێنراون ( رواه البخاري ) .

**دەیەم : ڕۆڵەی بەڕێزم** : سوننەتیش وایە ـ دوای تەواوکردنی دەستنوێژەکەت ـ ئەم زیکرە بڵێیت : " أَشهدُ أن لا إله إلا الله ، وأنَّ محمداً عبدُ الله و رسوله ، ثم تصلي ركعتين ، دون أن تحدِّث بهما نفسك " ( رواه مسلم ) ، واتە : شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ( اللَّهُ ) ، وهیچ کەسێکیش نیە شایستەی شوین کەوتن بێت جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ ( مُحَمَّدٌ ﷺ ) وبەندە ونێرراوی خوای پەروەردگارە ، پاشان دوو ڕکات نوێژ دەکات ، کە نوێژی دەست نوێژی پێ دەووترێت . وە لە سوننەتدا چەندەها زیکری تری پاش دەستنوێژ لە پێغەمبەرەوە ﷺ واردن .

# نوێـــژ

**ڕۆڵە ژیرەکەم ـ لەم بەشەشدا ـ چۆنیێتی نوێـژی پێغەمبـەر ﷺ دەخەمـە ڕوو ئەوەش بۆ ئەوەی من و تۆش جێبەجێکاری ئەو فەرمایشـەی پێغەمبـەری ئازیزمـان** بین ﷺ کە فەرموویەتی : " صَلُّوا كما رأيتموني أُصلي " ( رواه البخاري ) ، واتـە : نوێژەکانتان ئەنجام بدەن هەروەکو چۆن منتان بینیوە نوێـژ ئـەنجام دەدەم ، وە بـەوەش پاداشتی تەواو بدرێینەوە لە سەر ئەنجامدانی نوێژەکەمان ، جا بە پشـتیوانی خـوای پەروەردگار دەڵێم :

**یەکەم :** نوێژگەر ڕوو لە قیبلە دەکات ـ کە کەعبەی پیرۆزە ـ بەوەسـتانەوە ، بەهەموو لەشیەوە لە هەر کوێیەك بێت [٦] ، لـە گـەڵ بـوونی نیـەتی کردنـی ئـەو نوێژەی کە ئەیەوێ ئەنجامی بدات لە دڵدا ، لە ڕووی حوکمەوە : ئایا نوێژەکە فـەرزە یان سوننەتە ، لە ڕووی کاتیشەوە : ئایـا نوێژەکـە نوێـژی بەیانیانـە ، یـان نوێـژی نیوەڕۆیە ، یان نوێژەکانی ترە ، ناشبێ نیەتەکەی بە زمان بڵێت لە بەر وارد نـەبوون ونەسەلماندنی ئەو کردارە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ، لە گەڵ دانانی سـوترەیەك لـە پێشیدا [٧] ، بەتاك نوێژەکەی ئەنجام بدات یان پێش نوێژ بێت بۆ کەسانی تر ( واتـە : إمام ) لەم کردارەشـی شـوێن کەوتـەی ووتـەی پێغەمبـەری خـوا دەبێـت ﷺ کـە فەرموویەتی : " لا تُصَلِّ إلا إِلَى سُتْرَة ، وَلا تَدَعْ أَحَدَاً يَمُرُّ بَيْنَ يَدَيْكَ ... " ( رواه ابن

---

[٦] جگە لە کاتی ترس و نەخۆشیدا بە پێی توانا دەبێت .

[٧] **سوترە :** شتێکە نوێژگەر لە پێش خۆیدا دایدەنات ، لە دووری ڕێڕەوی شەکێك ، لە شوێنی سوژدەکەیەوە .

خزيمة بسند جيد ) ، واتە : نوێژ مەكە ئیللا ڕووەو سوترەیەك نەبێت ، ڕێگەش بە كەس مەدە بە بەردەستتدا تێپەڕ ببێت .... .

**دووەم :** پاشان تەكبیرەی ئیحرام دادەبەستێت بەوەی كە دەڵێت : ( الله أكبر ) ، لە گەڵ تێڕوانینی بۆ شوێنی سوژدەكەی ، و لەكاتی ووتنی تەكبیرەی ئیحرام هەردوو دەستی بەرزدەكاتەوە تاكو ئاستی شانەكانی ، یان تاكو ئاستی گوێكانی ، هەردوو شێوەكەش وارد و سەلمێنراوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ، پاشان دەستە ڕاستی لە سەر دەستە چەپی لە سەر سنگی دادەنێت .

**سێیەم :** پێویستیشە لە سەر نوێژگەر بیری لەلای نوێژەكەی بێت ( واتە : خشوعی هەبێت ) و چاوەكانیشی بەئاسماندا نەگێڕێت ، و بە لای ڕاست و چەپدا چاو نەگێڕێت ، لە بەر یاساغی و نەهیكردنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو ئەمانە .

**چوارەم :** پاشان نوێژەكەی دەست پێدەكات بە یەكێك لەو زیكرانەی كە واردن لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لەوانەش پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو : " سبحانك اللهم وبحمدك وتبارك اسمك ، وتعالى جَدُّك ، ولا إله غيرك " ، یان هەر زیكرێكی تر جگە لەم زیكرە .

**پێنجەم :** پاشان پەنا دەگرێت بە خوای پەروەردگار لە خراپەی شەیتانی دەركراو لە ڕەحمەتی خوا ( وتە بڵێ : أعوذ بالله من الشيطان الرجيم ) ، یان هەر یەكێك لەو شێوەیانەی كە لە سوننەتدا هاتوون ، وپاشان دەڵێت : ( بسم الله الرحمن الرحيم ) .

**شەشەم :** پاشان سورەتی ﴿ الفاتحة ﴾ : ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ۝☎ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ۝☎ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ۝☎ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ۝☎ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝☎ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ۝☎ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ۝☎ ﴾ ( ١ - ٧ ) ، بەتەواوی دەخوێنێتەوە ـ کە ( بِسْمِ اللَّهِ ) ـش ئایەتێکە لێی ـ ، سوننەتیش وایە ئایەت ئایەت جیا لە یەك بیانخوێنێ ، بەشێوەیەك لە کۆتایی هەموو ئایەتێك بوەستێ ( رواه أبو داود بسند صحيح ) ، وە لە پاش تەواو بوونی سورەتەکە ( آمين ) بکە .

**حەوتەم :** پاشان ئەوەندەی کە لەتوانایدایە لەگەڵ سورەتی ﴿ الفاتحة ﴾ ـدا قورئانی پیرۆز دەخوێنێتەوە ، سوننەتیش وایە لە ڕکاتی یەکەمدا زیاتر درێژی بکاتەوە تاکو ڕکاتی دووەم .

هەشتەم : کە نوێژگەر لە خوێندنەوەی قورئان دەبێتەوە ، ساتێکی کەم بێدەنگ دەبێت ، پاشان دوو دەستی بەرزدەکاتەوە ، و ( الله أكبر ) دەکات ، پاشان کڕنووش دەبات بەشێوەیەك تاکو لەشی لە جووڵە دەکەوێ ، و دەستەکانی لە سەر ئەژنۆکانی دادەنێت و لێیانی توند دەکات ، لە گەڵ بڵاوکردنەوەی پەنجەکانی لە یەکتر وەکو ئەوەی بڵێی ئەژنۆکانی گرتبێ ، پشتیشی درێژ و پان دەکاتەوە ، و سەریشی لە ئاستی پشتی دادەنێت بەشێوەیەك نە نزمتری کردبێتەوە لە ئاستی پشتی نەش بەرزتری کردبێتەوە ، بەڵکو لە ئاستی پشتی دەیوەستێنێ .

**نۆیەم :** وه لـه کڕنووشـهکانیدا دەڵێـت : ( سبحان ربي العظيم ) ، یـان هـەر زیکرێکی تر کـه لـه پێغەمبـەری خـواوه ﷺ واردوو ، و سـەلمێنراوبێت ، ئـەوەش سێجـار یـان زیـاتر ، وه نـاشبێ نوێژگـەر لـه کڕنـووش و سـوژدەکانیدا قورئـانی پیرۆز بخوێنێت .

**دەیەم :** پاشان هەڵدەسیتەوه له کڕنووشەکەی ، لـه کـاتی هەستـانەوەکەشی دەڵێـت : ( سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَ ) لـه گـەڵ بەرزکردنـەوەی هـەردوو دەسـتی ، کـه ڕادەوەستێت و ڕێك دەبێتەوه ، دەڵێت : ( رَبَّنَا وَ لَكَ الْحَمْدُ ) ، یان هەر زیکرێکی تـر که له پێغەمبەری خواوه ﷺ واردوو ، وسەلمێنراوبێت [٨] .

**یانزەیەم :** پاشان خۆی بەردەداتەوه بۆ سوژده بردن ، بەشـێوەیەك دەسـتەکانی پێش ئەژنۆکانی بخاته سـەر زەوی ، له بەر ئەو فەرموودەیەی که پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا فەرموویەتی : " إذا سجد أحدکم فلا یبرك کما یبرك البعیر ، ولیضع یدیه قبل رکبتیه " ( صحیح الجامع : ٦٠٩ ) ، واته : ئەگەر هەریەك له ئێوه سوژدەی برد ، بـا وەکو ووشتر نەکات ، بەڵکو دەستەکانی پێش ئەژنۆکانی بخاته سەر زەوی .

**دووانزەیەم :** پاشان سوژده دەبات ، و متمانه دەکاته سەر نـاو لەپـەکانی بـه کراوەیی ، و له گەڵ بەیەکەوه لکاندنی پەنجەکانی هەردوو دەستی ، و ڕووکردنیان له قیبله ، باڵەکانیشی نالکێنێت به زەویەوه ، لەبـەر بـوونی نـەهی لـەو کـرداره ، و نیوچاوان و لووتی له زەوی جێگر دەکات لـه گـەڵ هـەردوو چۆکەکانی ، لـه گـەڵ

---

[٨] هەندێکیان ووشەی ( الشکر ) ـی بۆ زیاد دەکات کەچی هیچ بنەوایەکی نیه .

چەقاندنی پەنجەکانی بە زەویدا ، و دەڵێـت : ( سبحان ربي الأعلى ) سـێ جـار یـان زیاتر .

**سێنزەیەم :** پاشان سەر بەرزدەکاتەوە و ( الله أكبر ) دەکات ، تاکو جەستەی لە جوولە دەکەوێت ، پێی چەپی ڕادەخات و لە سەری دادەنیشێت ، پێی ڕاسـتیش بـە زەویـدا دەچـەقێنێت ، لـەم دانیشتنەشـی دەڵێـت : ( ربِّ اغفر لي ) و دووبارەشـی دەکاتەوە .

**چـواردەیەم :** پاشـان جـارێکی تـر ( الله أكبر ) دەکـات و دەچـێتە سـوژدەی دووەمەوە ، هەموو ئەو شتانەش تیایدا دووبارە دەکاتەوە کە لـە سـوژدەی یەکەمـدا کردوویەتی .

**پانزەیەم :** پـاشـان دانیشتنێکی کـەم دادەنیشـێ کـــە پـێی دەوتــرێت ( جلسة الإستراحة ) ، دوای ئەوە هەڵدەسێتەوە بە متمانە کردنی لە سەر دەسـتەکانی کە بەستراون وەکو دەستەکانی هەویر شێل .

**شانزەیەم :** لـە ڕکـاتی دووەمیشدا هــەموو ئـەوانـە ئەنجام دەدات کـە لـە ڕکاتی یەکەمـــدا ئەنجـــامی دابـوو ، بـــەڵام زیکـری دەسـت پێکردنـی نوێـژ دووبـــارە ناکاتەوە .

**حەڤدەیەم :** کە لە ڕکاتی دووەم دەبێتەوە ، بەو شێوە دادەنیشێت کە لە خـاڵی ( ١٣ ) ــدا ڕوون کراوەتەوە ، کە پێی دەوترێت ( الإفتراش ) ، و دەستی ڕاسـتی لـە سەر ڕان و ئەژنۆی ڕاستی دادنێت ، و دەسـتی چەپیشـی دەکاتـەوەو لـە سـەر ڕان و

ئەژنۆی چەپی دادەنێت ، پەنجەکانی دەستی ڕاستی دەبەستێت ، و پەنجە گەورەشی لە سەر پەنجەی ناوەڕاستی ( واتە : پەنجەی هەڵمەقووتە ) دادەنێت ، و پەنجەی شایەتومانی ڕوو دەکات لە قیبلە و چاویشی تێ دەبڕێت ، و دەیجوڵێنێتەوە پێی دەپاڕێتەوە لە سەرەتای تەحیات خوێندنەکەی تاکو کۆتایی ، لە بەر جێگر بوون ، و واردبوونی ئەم کردارە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ، هەروەکو چۆن ( وائل ) ی کوڕی ( حجر ) رضي الله عنه بۆی گێڕاوینەتەوە ، و فەرموودەکەشی ( أبو داود و النسائي و أحمد ) لێیەوە دەیگێڕنەوە ، و ( ابن خزيمة و ابن حبان ) و جگە لەمانیش بە ( صحيح ) ی دادەنێن .

**هەژدەیەم :** تەحیاتەکەشی بە بێدەنگی دەخوێنێتەوە ، چەند شێوەیەکیشی هەیە لەوانە : " التحيات لله والصلوات و الطيبات ، السلام على النبي ورحمة الله وبركاته ، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين ، أشهد أن لا إله إلا الله ، وأشهد أن محمداً عبدُه ورسولُه " .

**نۆزدەیەم :** پاشان صەڵاوات دەدات لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ بە یەکێك لەو شێوانەی کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وارد بووە ، لەوانەش : " اللهم صلِّ على محمد وعلى آل محمد ، وبارك على محمد وعلى آل محمد ، كما صليت وباركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم ، إنك حميد مجيد " [٩] .

---

[٩] ئەم صەڵاواتە یان هەر صەڵاواتێکی تر بخوێنە کە لە سوننەت دا هاتبێ ، وەك : " اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد " .

**بیستەم :** ئەگەر نوێژەکەی دوو ڕکاتی بوو ئەوا سەلام دەداتەوە ـ هەروەکو ئەوەی کە دێت ـ ئەگینا ( الله أكبر ) دەکات و هەڵدەستێتەوە بۆ ڕکاتی سێیەم و دەستەکانی بەرز دەکاتەوە ، لەم ڕکاتە ، و لە ڕکاتی چوارەمیشدا چی لەڕکاتی دووەمدا ئەنجام داوە تیایاندا ئەنجامی دەدات ، پێویستیشە لە هەموو ڕکاتێکدا سورەتی ( الفاتحة ) بخوێنێت .

**بیست و یەکەم :** پاشان دادەنیشێت بۆ خوێندنەوەی تەحیاتی کۆتایی ، چیشی لە تەحیاتی یەکەمدا ئەنجامدابێ لێرەشدا ئەنجامی دەدات ، بەڵام شێوەی دانیشتنەکەی بەشێوەی ( التورُّك ) دەبێت ، کە بریتی یە : لە دانیشتن لە سەر ڕانی چەپی و دانانی پێی چەپی لە ژێر قاچی ڕاستی کە چەقاندوویەتی بە زەویدا ، پاشان تەحیات دەخوێنێت و صەڵاواتیش دەدات لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەو شێوەیەی کە لە خاڵی ( ١٨ ) ـەو ( ١٩ ) ـدا ڕوونمانکردۆتەوە ، پاشان پەنا دەگرێت بە خوای پەروەردگار لە چوار شت ئەوەش بەم شێوەیە : " اللهم إني أعوذ بك من عذاب جهنم ، ومن عذاب القبر ، و من فتنة المحيا والممات ، ومن شر فتنة المسيح الدَّجال " ، پاشان هەردوعا و پاڕانەوەیەکی بەدڵ بێت دەیکات .

**بیست و دووەم :** پاشان سەلام دەداتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە نوێژەکەی ، بە یەکێك لەم شێوانەی خوارەوە :

( أ ) ( السلام عليكم ورحمة الله وبركاته ) بەلای ڕاستدا ، و ( السلام عليكم ورحمة الله ) بەلای چەپدا .

( ب ) هەمان شێوەی یەکەم بە لابردنـی ( وبرکاتە ) لـە سـەلامی یەکـەم دا ، جگە لەم دوو شێوەیەش شێوەی تر وارده لە پێغەمبەری خواوە ﷺ .

**تێبینی : ڕۆڵەی بەڕێزم :** ئەوە بزانە کە نوێژی پیاو و ژن هیچ جیـــاوازیەکیان لـە نێوانـدا نیە ، لـە بـەر گشتێتی ئـەو فـەرمـوودەیـەی کـە پێغەمبەری خـــوا ﷺ تیایـــدا فـــەرموویەتی : " إنما النساء شقائق الرجال " ( صحيح الجامع : ٢٣٢٩ ) ، واتـە : ژنـان هـاوشان و برای پیاوانن . ئـیللا مـــەگەر جیاوازیـەك بـە پێی فـەرمـوودەی ( صحيح ) ـی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ [١٠] .

---

[١٠] هیچ فەرموودەیەکیش نەهاتوە لەو فەرموودانەی کـە سـەبارەت بـە چـۆنێتی دەسـتنوێژ و نوێـژی پێغەمبەری خوا ﷺ باسم کردوون بکرێت بە بەڵگە بۆ ئـەو جیاکاریـە ، بـەڵکو هەنـدێك فـەرموودە هاتوون لەو بارەیەوە ، بەڵام هەموو ( ضعيف ) ن ، و زانایانی فەرموودە و لێکۆڵەروان ئەوەیان ئاشـکرا کردووە .

# ڕۆژووی ڕەمەزان

**ڕۆڵەی شیرینم :** ئەمەی کە لەمەودوا دەیخەمە بەر دەستی تۆی ژیر و هۆشمەند بریتیە لە هەندێك لە ئەحکامەکانی ڕۆژووی پێغەمبەر ﷺ لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا ، بەهیوای پابەند بوونت پێیانەوە لە ڕۆژووگرتنتدا ، بۆ ئەوەی ڕۆژووەکەت بەو شێوە بێت کە خوای پەروەردگار ، و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمانیان پێکردووە ، جا بە پشتیوانی خوا دەڵێم :

## حوکمەکـــانی پێش ڕەمەزان

**یەکەم :** نابێت ڕۆژی گومان ( واتە : یوم الشك ) بە ڕۆژو بێت : چونکە سەرپێچیکردنە لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ : ( صلة ) ـەی کوڕی ( زفر ) لە ( عمار ) ـەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : " من صام اليوم الذي يشك فيه فقد عصى أبا القاسم " ( حديث حسن ، رواه أبو داود و النسائي ) ، واتە : هەرکەسێك بە ڕۆژوو بێت لەو ڕۆژەی کە گومانی لێ دەکرێت ، ئەوا بەو کارەی سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کردوە .

**دووەم :** ئەگەر موسڵمانێك مانگی بینی بە ڕۆژوو دبین : چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی " صوموا لرؤيته ، وأفطروا لرؤيته " ( رواه النسائي وسنده حسن ) ، واتە : ڕۆژوو بگرن بە بینینی مانگی ڕەمەزان ، و وازیش بێنن لە ڕۆژوو بە بینینی مانگی شەوال .

## نیەتی ڕۆژوو گرتن : ( یان کاتەکانی ڕۆژوو )

**ڕۆڵەکەم :** ئەگەر سەلمێنرا کە مانگی ڕەمەزان دەستی پێکردووە ئەو کاتە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك هەر لە شەوەوە ( واتە : پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ ) نیەتی ڕۆژووی هەبێ ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " من لم يجمع الصيام قبل الفجر ، فلا صيام له " ( رواه أبو داود والترمذي ، وسنده صحيح ) ، واتە : ئەو کەسەی نیەتی ڕۆژووی فەرزی نەبێت پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ ، ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵە . وە ئەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە :

١ ـ نیەت جێگای دڵە ، و ووتنی بەزمان بیدعەیە و داهێنراوە .

٢ ـ دەست پێکردنی کاتی ڕۆژوو گرتن : بە دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ دەبێت ، خوای پەروەردگار دەفەرموویت : ﴿ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ﴾ ( سورة البقرة : ١٨٧ ) ، واتە : بخۆن و بخۆنەوە تا کاتی دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ کە دەرکەوتنی سپیایی ڕۆژە لە تاریکی شەو .

فەجریش دوو جۆرە : پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت " الفجر فجران : فأما الأول فإنه يحرم الطعام و لا يحل الصلاة وأما الثاني فإنه يحرم الطعام ويحل الصلاة " ( رواه ابن خزيمة وسنده صحيح ) ، واتە : فەجر دوو جۆرە : فەجری یەکەم خواردن قەدەغە ناکات لە ڕۆژووان و کردنی نوێژی بەیانیان حەڵاڵ ناکات ، بەڵام فەجری دووەم : خواردن قەدەغە دەکات لە ڕۆژووان و نوێژی بەیانیانیش حەڵاڵ دەکات .

**ڕۆڵە بەڕێزەکەم :** ئەوش بزانە ئەوەی کە لە مانگی ڕەمەزاندا دەکرێت بـەناوی ( الإمساكية ) واتە بانگ دان بەدەنگی بیستراو پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ کـە بـانگ دەران دەڵـێن ( الإمساك ، الإمساك يا أمة محمد ) !!! کـارێکی بیدعـەو تازەگەریە ، بەکوردی بووترێت ، یان بە عەرەبی .

٣ ـ دواکاتی ڕۆژوو گرتن : ئەگەر شەو لـە بـەرەی ڕۆژهەڵاتـەوە دەرکـەوت و ڕۆژیش لـە بەرەی ڕۆژئـاواوە پشتی لێ هەڵکردین و بـازنەی خۆریش ئاوا بـوو ، ئەو کاتـە ڕۆژوەکـەت دەشـکێنێت ، بـانگ درابـێ یـان نـە ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرمووێت : " إذا أقبل الليل من ها هنا وأدبر النهار من هاهنا وغربت الشمس فقد أفطر الصائم " ( رواه البخاري و مسلم ) ، واتـە : ئەگـەر شـەو لـە ئێـرەوە دەرکـەوت وڕۆژیـش لـە ئێرە پشـتی لێ هـەڵگردین ، و خـۆریش ئـاوابوو ئـەوا ڕۆژوەکەتان بشکێنن .

## پـــارشێو

**ڕۆڵەی باوەڕدارم :** پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : " البركة في ثلاثة : الجماعة ، والثريد ، والسحور " ( رواه الطبراني بسند حسن ) ، واتـە : بەرەکـەت لـە سێ شتدایە لەو سـێ شـتە یـەکێکیان پارشـێوە ، یـان فەرموویـەتی : " إنها بركة أعطاكم الله إياها ، فلا تدعوه " ( رواه النسائي و أحمد وسنده صحيح ) ، واتـــە : پارشێو بەرەکەتە خوا پێی بەخشیون وازی لێمـەهێنن ، هـەروەها دەفـەرمووێت : " ... ، فإن الله و ملائكته يصلون على المتسحرين " ( رواه أبو داود بسند صحيح ) ،

واتە : خوای پەروەردگار و فریشتەکانی سەلاوات دەدەن لە سەر ئەو کەسانەی پارشێو دەکەن ، بۆیە پێویستە هەرگیز پاشێوەکەت لە دەست نەدەی ، باشترین پارشێویش بریتیە لە خواردنی خورما ، ئەوەش بزانە دواخستنی پاشێو تا کاتی دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ یەکێکە لە سونەتەکانی پێغەمبەر ﷺ هەروەکو پێشەوایان ( البخاري ومسلم ) دەیگێڕنەوە .

## ئەو شتانەی پێویستە ڕۆژووان لێی دووربکەونەوە

**ڕۆڵە بەڕێزەکەم :** ئەوەش بزانە کە ڕۆژووگرتن تەنها خۆگرتنەوە نیە لە خواردن و خواردنەوە و جووت بوونی ژن و مێرد ، بەڵکو ڕۆژووان ئەو کەسەیە ئەندامەکانی بە دوورگرێ لە تاوان و زمانیشی لە درۆ و غەیبەت کردن و ووتەی پڕو پووچ و شایەتی ناڕەوا ، لە گەل خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و جووت بوونی ژن و مێرد ، لەو شتانەش :

١ ـ **ووتەی درۆ :** پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی " من لم يدع قول الزور والعمل به فليس لله حاجة في أن يدع طعامه وشرابه " ( رواه البخاري ) ، واتە : ئەگەر ڕۆژوان واز نەهێنێ لە درۆ و کارپێکردنی ، ئەوا خوا پێویستی بەوە نیە واز لە خواردن و خواردنەوەکەی بهێنیت .

٢ ـ **ووتەی پڕوپووچ و لەغوە کردن :** پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " ليس الصيام من الأكل والشرب ، إنما الصيام من اللغو والرفث " ( رواه ابن خزيمة وسنده

صحيح ) ، واتە : ڕۆژوو تەنها خۆگرتنەوە نی یە لە خواردن و خواردنەوە بەڵکو بریتیە لە خۆگرتنەوە لە ووتەی پڕو پووچ و لەغوەکردن .

**چونکە ڕۆڵە ژێرەکەم :** ئەگەر وانەبێت بەشی ڕۆژوان لە ڕۆژوەکەی ئەوەندە دەبێت کە لەم فەرموودەیەدا دیاری کراوە : " رُبَّ صَائِمٍ حَظُّهُ مَنْ صِيَامِهِ الجُوعُ وَالعَطَشُ " ( رواه ابن ماجه وسنده صحيح ) .

## ئەوشتانەی ڕۆژوان دەتوانی ئەنجامیان بدات

**ڕۆڵەی شیرینم :** ڕۆژووەوان بۆی ڕەوایە ئەم کارانە ئەنجام بدات :

١ ـ ڕۆژووەوان دەتوانێت بە لەش گرانیەوە ڕۆژبکاتەوە ، هەروەکو ( عائشة ) ـەو ( أم سلمة ) لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە ( رواه البخاري ومسلم ) .

٢ ـ بۆشی ڕەوایە لە دەست پێکردنی ڕۆژوەکەی تا کاتی بەربانگ سیواك بەکار بهێنێ بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموویێت : " لولا أن أشق على أمتي ؛ لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة " ( رواه البخاري ومسلم ) ، واتە : ئەگەر ناڕەحەتیەکی زۆری تیانەبوایە لەسەر ئومەتەکەم ئەوا فەرمانم پێدەکردن بە سیواك لەکاتی هەموو نوێژێکدا .

٣ ـ وە دەشتوانێت ئاو هەڵداتە دەم و لوتی بێ ئەوەی زیاد ڕەویان تێدا بکات وەکو پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموویێت : " وبالغ في الاستنشاق إلا أن تكون صائما "

( رواه الترمذي وسنده حسن ) ، واتە : زیاد ڕەوی بکە لە ئاو هەڵدانە دەم و لوتدا ، جگە لەو کاتەی کە بە ڕۆژوو دەبیت .

٤ ـ بۆشی ڕەوایە تاقی کردنەوەی خوێن ئەنجام بدات یان دەرزی لە خۆ بدات ، بە مەرجێ مەبەست لەو دەرزی لێدانە خواردن پێدان نەبێت ( واتە : موغەزی نەبێت ) .

٥ ـ کەڵەشاخ کردن ( واتە : الحجامة ) بکات ، ( ابن عباس ) ئەفەرمووێ : " إن النبي ﷺ احتجم و هو صائم " ( رواه البخاري ) .

٦ ـ تام و چێژکردنی خواردەمەنی بەمەرجی خواردنەکە نەڕواتە قورگەوە ، ئەوەتا ( ابن عباس ) دەفەرموویێت : " لا بأس أن يذوق الخل والشيء ما لم يدخل حلقه وهو صائم " ( علقه البخاري و وصله ابن أبي شيبة ) ، واتە : هیچی تێدا نیە ـ ڕۆژووان ـ تام و چێژی خەڵ یان هەر شتێکی تر بکات ، بە مەرجێك نەڕواتە قورگیەوە .

٧ ـ بەکارهێنانی کل و سورمە بۆ چاوڕەشتن و قەترەکردنە چاو و هاوشێوەکانیان لەو شتانەی کە دەکرێنە چاوەوە دروستە بۆ ڕۆژووان ، وەکو ( ابن تيمية ، و ابن القيم ) فەتوایان داوە لە سەری .

٨ ـ کردنی ئاوی سارد بەسەر سەردا ، یان خۆششتن .

## چ کاتێك ڕەوایە بەڕۆژوو نەبیت و پاشان قەرزای بکەیتەوە

١ ـ مرۆڤی گوزەرکار ( موسافر ) و ڕێبوار : وەکو پێغەمبەر ﷺ بەیەکێك لە هاوەڵەکانی ئەفەرمووێ کاتێ پرسیاری ڕۆژوی لێ دەکا لە سەفەردا : " صم إن شئت ، وافطر إن شئت " ( رواه البخاري ومسلم ) ، واتە : ئەگەر ویستت ڕۆژوو بگرە ، وە ئەگەر ویستت ڕۆژوو مەگرە .

٢ ـ مرۆڤی نەخۆش ، ئەو نەخۆشیەی کە بەبوونی ڕۆژوەکەی زیاد بکات یان چاك بوونەوەی دوا بکەوێ .

## بەربانگ کردن

سونەتە دوای خۆرئاوابوون ( واتە : بەنەمانی بازنەی خۆر ) ڕۆژوان بەربانگ بکات و پەلەش لەو کارەدا بکات . چونکە پەلەکردن لە بەربانگدا سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە دەفەرموویێت : " إنا معشر الأنبياء أمرنا بتعجيل فطرنا ، وتأخير سحورنا ، وأن نضع أيماننا على شمائلنا في الصلاة " ( رواه ابن حبان وضياء بسند صحيح ) ، واتە : ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران فەرمانمان پێکراوە بە پەلەکردن لە ڕۆژوو شکاندن ، و بە دواخستنی پارشێو ، و دانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ لە نوێژدا .

پێغەمبەر ﷺ فـەرمــوویەتی : " لا تزال أمتي على سنتي ما لم تنتظر بفطرها النجوم " ( رواه ابن حبان بسند صحيح ) ، واتــە : بــەردەوام ئوممەتەکـەم لــە سـەر سوننەتی منن تا ئەو کاتەی بەربانگ دوائەخەن بۆ کاتی دەرکەوتنی ئەستێرە .

چونکە دواخستنی تــا ئــەو کاتــە کــردەوەی جولەکــە و خــاچ پەرستانە ، وەکـو پێغەمبــەر ﷺ دەفــەرمووێت : " لا يزال الدين ظاهرا ما عجل الناس الفطر ؛ لأن اليهود والنصارى يؤخرون " ( رواه أبو داود و ابن حبان وسنده حسن ) .

وە سونەتیش وایە بەربانگ بەخورمای تەڕ ئەگەر نەبوو خورمای ووشك ئەگەرنا بە چەند قومێك ئاو ( رواه أحمد بسند صحيح ) .

وە سوننەتیشــە لــەکاتی بــەربانگ دا بلێـت : " ذهب الظمأ وابتلت العروق وثبت الأجر إن شاء الله " ( أخرجه أبو داود وسنده حسن ) .

وە سوننەتیشە لە کاتی بەربانگ دا بپاڕێتــەوە و پاڕانــەوەش لــەم کاتــەدا وەڵام دەدرێتەوە ( رواه ابن ماجه بسند صحيح ) .

## بەتاڵ کەرەوەکانی ڕۆژوو

**ڕۆڵەی گوێڕایەڵم :** لە کۆتای ئەم باسەدا ئامـاژە دەکـەم بـەو شــتانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە :

١ ـ **خواردن وخواردنەوەی بە ئەنقەست :** بەڵام ئەگەر لـە بـیرت چـونەوە بـوو ئەوا ڕۆژوەکە بەتاڵ ناکاتەوە ( رواه البخاري ومسلم ) .

٢ ـ **ڕشانەوەی بە ئەنقەست :** چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : " من ذرعه القيء فليس عليه قضاء ، ومن استقاء عمداً فليقض " ( رواه أبو داود و سنده صحيح ) ، واتە هەر کەس ڕشانەوە زۆری پێهێنا و ڕشایەوە قەزای ڕۆژوی لەسەر نیە ، بەڵام کەسێ خۆی ڕشاندەوە با قەزای ڕۆژووەکەی بداتەوە .

٣ ـ **بێ نوێژی و زەیسانی :** پێغەمبەر ﷺ فە رموویەتی : " أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم ؟ قيل : بلى " ( رواه البخاري ومسلم ) .

٤ ـ دەرزی لێدانێك مەبەست لێی خواردن پێدان بێ .

# چەند ئادابێکی ڕەسەنی ئیسلامەتی

## ئادابی سەلامکردن

**ڕۆڵەی گوێڕایەڵم :** پێش ئەوەی بڕۆمە سەر باسی هەندێك لە ئادابەکانی سەلامکردن ، پێمخۆشە بزانی خێر و چاکەی ئەنجامدانی چیە ؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " لاَ تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا ، وَلاَ تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا ، أَوَلاَ أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ ، أَفْشُوا السَّلاَمَ بَيْنَكُمْ " ( رواه مسلم ) ، واتە : ناڕۆنە بەهەشتەوە تاکو بڕوا نەهێنن ، و بڕواش ناهێنن ، تاکو یەکترتان خۆش نەوێت ، وە ئایا کردەوەیەکتان پێ پیشان بدەم ئەگەر ئەنجامی بدەن یەکترتان خۆش بوویت ؟ سەلام بکەن لە نێوان خۆتاندا .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " من قال : ( السلام عليكم ) كتبت له عشر حسنات ، ومن قال : ( السلام عليكم ورحمة الله ) كتبت له عشرون حسنة ، ومن قال : ( السلام عليكم ورحمة الله وبركاته ) كتبت له ثلاثون حسنة " ( صحيح الترغيب والترهيب ، برقم : ٢٧١١ ) ، واتە : هەرکەسێك بڵێت : ( السلام عليكم ) دە چاکەی بۆ دەنووسرێت ، وە هەرکەسێك بڵێت : ( السلام عليكم ورحمة الله ) بیست چاکەی بۆ دەنووسرێت ، وە هەرکەسێك بڵێت : ( السلام عليكم ورحمة الله وبركاته ) سی چاکەی بۆ دەنووسرێت .

**جا ڕۆڵەکەم :** هەوڵی ئەوە بدە کە ئەم ئادابانەی خوارەوە ڕەچاو بکە :

**یەکەم :** کە ڕۆشتیتە هەر کۆڕ و کۆمەڵێکەوە با ووتەی یەکەمت سەلام کردن بێت و بڵێ : ( السلام علیکم ) ، یان : ( السلام علیکم ورحمة الله ) ، یان : ( السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته ) ، وە لە کاتی ڕۆشتنیشت بە هەمان شێوە سەلام بکە ، وە بشزانە یەکەمیان ئەولاتر نیە لە دووەمیان ، هەروەکو لە فەرموودەی ( صحیح ) ـی پێغەمبەری خوادا هاتووە .

**دووەم :** لە کاتی سەلامکردنتدا ئاماژە بەدەست و پەنجەشت مەکە ، چونکە ئەو کارە کاری جولەکە و خاچ پەرستانە ، هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە : " لیس منا من تشبه بغیرنا ، لا تشبهوا بالیهود ، ولا بالنصاری ، فإن تسلیم الیهود الإشارة بالأصابع ، وتسلیم النصاری الإشارة بالأکف " ( صحیح الجامع الصغیر ، برقم : ٥٤٤٣ ) ، جگە لە کاتی زەرووڕەت نەبێت ، وەك ئەوەی : ئەو کەسەی کە سەلامی لێ دەکەیت دوورە ، یان کەڕولاڵە و نابیستێت .

**سێیەم :** ئەگەر سەلامت لێکرا بەباشتر یان وەکو خۆی وەڵامی بدەوە ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا ﴾ ( سورة النساء : ٨٦ ) .

**چوارەم :** ئەو کەسەی سوارە سەلام دەکات لەو کەسەی کە پیادەیە ، وە ئەوەش ڕێ دەکات لەوەی کە وەستاوە و دانیشتووە ، کەمیش سەلام لە زۆر دەکات ، هەروەکو لەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە : " یسلم الراکب علی الماشي ، والماشي علی القائم ، والقلیل علی الکثیر " ( صحیح الجامع الصغیر ، برقم : ٨٠٨٨ ) .

**پێنجەم :** وە منداڵ و بچوکیش سەلام لە گەورە دەکەن ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " يُسَلِّمُ الْصَغِيْرُ عَلَى الْكَبِيْرِ " ( الصحيحة للألباني ، برقم : ١١٤٩ ) ، واتە : بچوك سەلام لە گەورە دەکات .

## ئادابی ڕۆشتنە مزگەوت

**ڕۆڵەکەم :** هەروەك دەزانی کە مزگەوت ماڵی خوای گەورەیە ، کەواتە دەبێت بە جل و بەرگێکی پیسەوە نەڕۆیتە ناوی ، بەڵکو بە جوانترین شێوە خۆت برازێنیتەوە و خۆت بۆن خۆش بکەی ، وە ئەوەش بزانیت کە پەیوەست بوون و پەیوەندی نێوان موسڵمان و مزگەوت ، وەکو پەیوەندی نێوان ماسی و ئاوە ، چۆن ماسی بێ ئاو نایکرێت ، و لەناو دەچێت ، موسڵمانیش ئاوایە ، ئەگەر لە مزگەوت ببڕێت ، ئەوا دەمرێت ، جا نەکەی خۆت ببڕیت لە مزگەوت کە هۆی ژیانی دڵ و مانەوەتە ، وە هەوڵی ئەوەش بدە کە ئەم ئادابانە ڕەچاوبکەی لە کاتی ڕۆشتنت بۆ مزگەوت :

**یەکەم :** ڕۆڵەکەم کە ڕۆشتیتە مزگەوتەوە پێی ڕاستت پێش بخە و بڵێ : " أَعُوذُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ ، وَبِوَجْهِهِ الْكَرِيمِ ، وَسُلْطَانِهِ الْقَدِيمِ ، مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ " ( صحيح الجامع ، برقم : ٤٥٩١ ) ، واتە : پەنا دەگرم بە خوای پەروەردگار لە خراپەی شەیتانی دەرکراو لە ڕەحمەتی خوا .

یان بڵێ : " [ بسم الله ، والصلاة ] ( رواه ابن السني برقم (٨٨) ، وحسنه الألباني ) ، [ والسلام على رسول الله ] ( صحيح الجامع ، برقم : ٥١٤ ) ، [ اللهم

افتح لي أبواب رحمتك ] ( رواه مسلم ) " ، واتــه : بـه نـاوی خـوای پـەروەردگار ، و صەڵات و سەلامیش لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ بێت ، ئەی پـەروەردگارم دەرگـای هەموو جۆرە نیعمەتێکی خۆتم لێبکەرەوە .

**دووەم :** کـە ڕۆشتیتە ژوورەوە پێش دانیشتنت دوو ڕکـات نـوێژ بکـه کـه پێی دەووتـرێت نوێـژی ( تحية المسجد ) ، هـەروەکـو لــە فــەموودەی ( صحيح ) ـدا هاتووە .

**سێیەم :** بـه بـێدەنگی و بـێ غەڵبەغـەڵب دابنیشـه و چـاوەڕوانی نوێـژی جەماعەت بکە ، چونکە ئەو کارەت بە نوێژ بۆ دەنووسرێت ، تاکو لە نوێژ دەبیتەوە ، هەروەکو لە فەموودەی ( صحيح ) ـدا هاتووە .

**چوارەم :** کە لـه نوێـژ بوویتـەوە ، لـە جێگـەی خـۆت دابنیشـه و خـەریکی زیکرەکانی دوای نوێژ ببە ، و پەلەمەکە لە دەرچوونت .

**پێنجەم :** لە کاتی ڕێکردنت لـە مزگەوتـدا نەکـەی بـە پـێش دەسـتی هـیچ نوێژگەرێکدا تێپەڕ ببیت ، چونکە تاوانێکی زۆر گەورەیە .

**شەشەم :** لە کاتی دەرچوونت لە مزگەوت پێی چەپت پێش بخە و بڵێ : " بسم الله ، والصلاة والسلام على رسول الله ، اللهم إني أسألك من فضلك ، اللهم اعصمني من الشيطان الرجيم " ( صحيح ابن ماجه ) ، واته : بە نـاوی خـوای پـەروەردگار ، و صەڵات و سەلامیش لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ بێـت ، ئـەی پـەروەردگارم داوای بەخشش و چاکەی تۆ دەکەم ، و بمپارێزە لە شەیتانی دەرکراو لە ڕەحمی خوا .

# ئادابی خواردن و خواردنەوە

**ڕۆڵەی ژیرم :** لە نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار بەسەر مرۆڤەوە ، ئەوەیە کە ئەو هەموو خواردن و خواردنەوەی پێ بەخشیوە بۆ ئەوەی سودمەند بێت پێیان ، هەروەکو فەرمووویەتە : ﴿ هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ﴾ ( سورة البقرة : ٢٩ ) ، واتە : هەر ئەوە کە هەموو ئەو شتانەی بۆ خوڵقاندوون کە لە زەویدا هەن ، بۆیە ڕۆڵەکەم ئەبێت شوکرانە بژێی ئەو نیعمەتانەی بکەین بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار زیادیان بکات و نەیبڕێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ لَئِن شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ ﴾ ( سورة إبراهيم : ٧ ) ، واتە : ئەگەر شوکرانە بژێری نیعمەتەکانم بکەن ئەوا زیادی دەکەم بۆتان ، بەڵام ئەگەر کوفری بکەن ئەوا بزانن کە سزام زۆر سەختە ، بۆیە پێویستە ئەم ئادابانە لە کاتی خواردن و خواردنەوە جێبەجێ بکەین :

**یەکەم :** ڕۆڵەکەم پێش دەستکردنت بە خواردن و خواردنەوە بڵێ : " بِسْمِ اللَّهِ " ، واتە : بەناوی خوا ، وە ئەگەر لە سەرەتادا لە بیرت چوو ئەوا ئەو کاتەی کە بیرت دەکەوێتەوە بڵێ : " بِسْمِ اللَّهِ أَوَّلِهِ وآخِرِهِ " ( صحيح الترمذي ، برقم : ١٨٥٨ ) ، واتە : ناوی خوا لە سەرەتا و لە کۆتاییی .

**دووەم :** بەدەستی ڕاستت خواردن و خواردنەوەکە بخۆ ، چونکە بەدەستی چەپ خواردن سیفەتی شەیتانە ، هەروەك لە فەرموودەی ( صحيح ) دا هاتووە .

**سێیەم :** لە پێش خۆتەوە نان بخۆ و دەست بۆ ئەملا و ئەولا مەبە .

**چوارەم :** هەرخواردنێکت بۆ دانرا بیخۆ و شوکری خوای لە سەر بکە ، وە ئەگەر بەدڵت نەبوو ناو و ناتۆرە و پیتکی لێ دەرمەهێنە ، بەڵام مەیخۆ ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ خواردنێکی بەکەم نەدەزانی ، و ئەگەر دڵیشی نەڕۆشتایە سەری نەیدەخوارد .

**پێنجەم :** ئەگەر هەر خواردنەوەیەکت خواردەوە ، بە دانیشتنەوە ، و بە سێ قوم بیخۆرەوە .

**شەشەم :** فوو مەکە لە خواردن و خواردنەوەی گەرم بۆ ساردکردنەوەی .

**حەوتەم :** هەناسە مەدا لە ناو خواردنەوەکەت ، بەڵکو لە نێوان هەموو قومێکدا ، هەناسەکەت بدە .

**هەشتەم :** کە لە خواردن و خواردنەوەکەت بوویتەوە بڵێ : " الحَمْدُ للهِ الَّذِي أطْعَمَنِي هَذَا ، ورَزَقَنِيهِ ، مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنّي ولا قُوَّةٍ " ( صحيح الترمذي : برقم : ٣٤٥٨ ) ، واتە : شوکر و ستایشی بۆ خوای پەروەردگار بۆ ئەو خواردنەی کە بە خواردنی داوم ، ڕۆزووی داوم ، بە بێ هیچ هەوڵ و کۆششێکی خۆم .

# ئادابی پژمین

**ڕۆڵەی ئازیزم :** لە سوننەتدا هەندێك ئادابی پژمینمان لە پێغەمبەری خـواوە ﷺ پێگەشتوون ، کە ئەمەی خوارەوە هەندێکیانە :

**یەکەم :** ئەگەر پژمیت بڵێ : ( الحَمْدُ للَّهِ ) ، وە ئەگەر کەسێك پژمی و ووتی : ( الحَمْدُ للَّهِ ) ، تۆش پێی بڵێ : ( يَرْحَمُكَ اللهُ ) ، وە ئەگەر پێت ووترا : ( يَرْحَمُكَ اللهُ ) ، ئەوا بڵێ : ( يَهْدِيكُمُ اللهُ ، ويُصْلِحُ بَالَكُمْ ) ، هەروەکو لەم فەرموودەدا هـاتووە : " إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَلْيَقُلْ : الحَمْدُ للَّهِ ، وَلْيَقُلْ لَهُ أَخُوهُ أَوْ صَاحِبُهُ : يَرْحَمُكَ اللهُ ، فَإِذَا قَالَ لَهُ : يَرْحَمُكَ اللهُ ، فَلْيَقُلْ : يَهْدِيكُمُ اللهُ ، ويُصْلِحُ بَالَكُمْ " ( رواه البخاري ) .

**دووەم :** دەنگ بەرزمەکەرەوە لە کاتی پژمینتدا .

**سێیەم :** لە کاتی پژمینت دەستت ، یان دەسرێك بخەرە سەر دەم و لووتت ، بـۆ ئەوەی هاوەڵەکەت ، یان هیچ موسڵمانێکی تر ئازار نەدەیت .

## ئادابی لەبەرکردنی

## جلو بەرگ و داکەندنی

**ڕۆڵەکـەم :** خـوای پـەروەردگار وەکـو باسـکردنی چاکەکانی خـۆی بەسـەر بەندەکانیـەوە دەفـەرموویت : ﴿ يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْءَاتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ﴾ ( سورة الأعراف : ٢٦ ) ، واتـە : ئـەی نـەوەکانی ئادەم ، یەکێك لەو نیعمەتانەی کە دامانبەزاندووە بۆتان ، بریتیە لە جل وبەرگ کـە عەورەتتانی پێ دەدەپۆشرێت ، بەڵام ئەوەش بزانن کە پۆشاکی تەقوا و لە خواترسـان چاکترە ، بۆیە لە سـوننەتدا هەنـدێك ئادابمـان بـۆ دانـراوە لـە کـاتر لەبـەرکردن و داکەندنی بۆ ئەوەی بە شوکرانە بژێی ئەم نیعمەتە هەستین ، لەوانە :

**یەکەم :** ئەگەر پۆشاکەکەت لەبەر کرد بڵێ : ﴿ بِسم الله ﴾ .

**دووەم :** وە ئەگەر داشت کەند بڵێ : ﴿ بسم الله ﴾ ، هـەروەك لـە فـەموودەی ( أنس ) ـی کوڕی ( مالك ) ـدا هـاتووە لـە پێغەمبـەری خـواوە دەگێڕێتـەوە ﷺ کـە فەرموویەتی : " سِتْرُ ما بَيْنَ أعْيُنِ الجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ إذا وَضَعَ أحدُهُمْ ثَوْبَهُ أنْ يقول : بِسم الله " ( صحيح الجامع ، برقم : ٣٦١٠ ) ، واتە : بەربەست و ڕێگـر و پـەردە لـە نێوان چاوی جنۆکـە ، و عـەورەتی نـەوەکانی ئـادەم ، ئەوەیـە کـە لـە کـاتی پۆشـاك داکەندندا بڵێت : ﴿ بِسم الله ﴾ .

**سێیەم :** پاشان بڵێ : " الحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِى كَسَانِى هَذَا الثَّوْبَ ، وَرَزَقَنِيهِ ، مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّى وَلاَ قُوَّةٍ " ، هەروەکو لە فەرموودەی ( معاذ ) ـی کـوڕی ( أنس الأنصاري

) ﷺ هاتووه كه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی : " مَنْ لَبِسَ ثَوْبًا ، فَقَالَ : الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي كَسَانِي هَذَا الثَّوْبَ ، وَرَزَقَنِيهِ ، مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلاَ قُوَّةٍ ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخَّرَ " ( صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٤٠٢٣ ) ، واته : وه هه‌ر كه‌سێك پۆشاكێك له‌به‌ر بكات ، و بڵێت : شوكر و ستایش بۆ ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی كه ئه‌م پۆشاكه‌ی له به‌ر كردم و پێی به‌خشیم ، بێ ئه‌وه‌ی هیچ هه‌وڵ و كۆشش و توانای خۆمی تێدا بێت ، ئه‌وا خوای په‌روه‌ردگار له هه‌موو ئه‌و گوناهانه‌ی كه پێشتر ئه‌نجامی داوون خۆش ده‌بێت ، ئه‌وانه‌ی كه دواتر ئه‌نجامیان ده‌دات .

**چواره‌م** : به‌ده‌سته ڕاستت جله‌كه‌ت له‌به‌ر بكه ، و به‌چه‌په‌ش جله‌كه‌ت دابكه‌نه .

**پێنجه‌م** : ئه‌گه‌ر برایه‌كی موسڵمانت پۆشاكێكی نوێی كردبوو پێی بڵێ : " الْبَسْ جَدِيدًا وَعِشْ حَمِيدًا وَمُتْ شَهِيدًا " ، هه‌روه‌كو ( ابن عُمَرَ ) بۆمان ده‌گێڕێته‌وه كه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ پۆشاكێكی سپی له به‌ر ( عُمَرَ ) ـدا بینی و پێی فه‌رموو " ثَوْبُكَ هَذَا غَسِيلٌ أَمْ جَدِيدٌ " واته : ئه‌م پۆشاكه‌ت شۆردراوه یان نوێیه ؟ ئه‌ویش فه‌رمووی : نه‌خێر نوێ نیه به‌ڵكو شۆردراوه ، ئه‌ویش پێی فه‌رموو : " الْبَسْ جَدِيدًا وَعِشْ حَمِيدًا وَمُتْ شَهِيدًا " ( الصحيحة للألباني ، برقم : ٦٨٧ ) ، واته : نوێ بپۆشه ، و به خۆشبه‌ختی خۆش گوزه‌رانی بژی و شوكرانه بژێری نیعمه‌ته‌كانی بیت ، و مردنیشت له پێناوی خوای په‌روه‌ردگاردا بێت ، واته : شه‌هید ببیت .

## خەوتن و لەخەوهەستان

**ڕۆڵەی موسڵمانم :** خەوتن و لەخەو هەستان دوو نیعمەتی خوای پـەروەردگارن ، سوننەتە ئەم ئادابانەی تێدا ڕەچاو بکرێت :

**یەکەم :** پێش ئەوەی بڕۆیتە ناو جێگەی خەوتنت ، جێگەکەت باش ، بپشـکنە و بتەکێنە ، نەکو شتێکی زیانبەخش زیانت پێ بگەیەنێت .

**دووەم :** پاشـان بڵـێ : " بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أمُوتُ وَأحْيَا " ( البخاري ومسلم ) ، وە لـە گـەڵیدا بڵێ : " اللَّهُمَّ قِنِي عَذَابَكَ ، يَوْمَ تَبْعَثُ عِبَادَكَ " ( صحيح سنن الترمذي ، برقم : ٣٣٩٨ ) .

**سێیەم :** بـەلای ڕاستتـدا بخـەوە ، چـونکە ئـەو کـارە لـە سوننـەتی ( صحيح ) ـی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە .

**چوارەم :** کە لە خەو هەستایتەوە بڵـێ : " الحَمْدُ لله الذِي أحْيَانا بَعْدَمَا أمَاتَنَا وإلَيْهِ النَشُور " ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە خەو هەڵدەسـا دەیفـەرموو : " الحَمْدُ لله الذِي أحْيَانا بَعْدَمَا أمَاتَنَا وإلَيْهِ النَشُور " ( رواه البخاري ومسلم ) ، واتـە : شوکر و ستایش بۆ ئەو پەروەردگارەی دوای ئەوەی کە مراندینی ـ مەبەست بە مردن لێرە خەوە ـ زیندووی کردینەوە ، زیندوو بوونەوەی ڕۆژی دواییش هەر بۆ لای ئەوە .

# ڕەوشتی نەوەی موسڵمان

**ڕۆڵەی ڕەوشت جوانم :** پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : " إنما بعثت لأتمم مكارم ( و في رواية : صالح ) الأخلاق " ( الصحيحة للألباني ، برقم : ٤٥ ) ، واتـه : من تەنها نێردراوم کە ڕەوشتە جوانەکان تەواو بکەم .

وە فەرموویـەتی : " أكثر ما يدخل الناس الجنة : تقوى الله ، وحسن الخلق " ( الصحيحة للألباني ، برقم : ٦٦٩ ) ، واتە : زۆرترینی ئـەو شـتانەی کـە خـەڵك دەبەنـە بەهەشتەوە ، بریتیە لە : لەخواترسان ، و ڕەوشت جوانی .

هـەروەها دەفـەرمووێت : " إن أكمل المسلمين إيمانا أحسنهم خلقا ، وإن حسن الخلق ليبلغ درجة الصوم والصلاة " ( الصحيحة للألباني ، برقم : ١٥٩٠ ) ، واتە : ئـەو موسڵمانەیە کـە تەواوترین باوەڕی هـەیە لە ناو موسڵمانان‌دا ، کە ڕەوشتی جوانتر بێت ، وە ڕەوشت جوانیش موسڵمان دەگەیەنێتە پلەی نوێژگەر و ڕۆژووگر .

وە فەرموویـــەتی : " عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِى إِلَى الْبِرِّ ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِى إِلَى الْجَنَّةِ ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ ، حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا ، وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ ، فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِى إِلَى الْفُجُورِ ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِى إِلَى النَّارِ ، وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَكْذِبُ وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ ، حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا " ( رواه مسلم ) ، واتە : ڕاسـتگۆ بـن ، چـونکە ڕاسـتگۆیی ڕێخۆشـکارە بـۆ چـاکەکاری ، و چـاکەکاریش ڕێخۆشکاری دەکات بۆ بەهەشت ، مرۆڤیش ڕاستگۆیە و بەدوای ڕاسـتگۆیی دەگـەڕێت تاکو لە لای خـوای پەروەردگار بـە ڕاستگۆ دەنووسرێت ، وە درۆزن مـەبن ، چـونکە درۆزنی ڕێخۆشـکارە بـۆ خراپەکاری ، و خـراپەکاریش ڕێخۆشکاری دەکـات بـۆ دۆزەخ

، مرۆڤیش درۆ دەدات و بەدوای درۆدا دەگەڕێت تاکو لە لای خوای پەروەردگار بە درۆزن دەنووسرێت .

**دەسا ڕۆڵەکەم :** ئەگەر ئەمەت بۆ ڕوون بووەوە ، بزانە کە ڕەوشت جوانترین کەسێك کە ئێمە چاوی لێبکەین و بیکەین بە سەرمەشقی خۆمان پێغەمبەری خوایە کە خوای پەروەردگار لە وەسفیدا فەرموویەتی : ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ ( سورة القلم : ٤ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاستی تۆ خاوەن ڕەوشت و ئەخلاقێکی یەکجار گەورەی ، **جا ڕۆڵەکەم :** لەو ڕەوشتە جوانانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هانی داوین ئەنجامیان بدەین ، و لە ڕەوشتماندا دەرکەوێت ، ئەمانەن :

**یەکەم : ڕاستگۆیی ، و درۆنەدان لە گوفتار و کردارتدا :** چونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَوَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ ﴾ ( سورة الطور : ١١ ) .

**دووەم : پاراستنی ئەمانەت :** واتە : پاراستنی ئەو شتانەی کە پێت دەسپێردرێت و دەخرێتە ژێر دەستت ، لە هەموو بوارەکانی ژیانت ، چونکە نەپاراستنی ئەمانەت سیفەتی دووڕووانە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إذا اؤتمن خان " ( متفق عليه ) ، ئەگەر کەسی دووڕوو ئەمانەتی پێسپێردرا خیانەتی لێ دەکات .

**سێیەم : ڕێزگرتن لە دایك و باوك :** خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ﴾ ( سورة الإسراء : ٢٣ ) ، واتە : پەروەردگاری تۆ بڕیاری داوە کە جگە لە ئەو کەس نەپەرستن ، و چاکەکاریش بکەن لە گەڵ باوك و دایکانتان ، ئەوەش بە گوێڕایەڵی کردنیان ، و لە قسە دەرنەچوونیان ، و ڕێز لێگرتنیان ، بەوەی ووتەی ناشرین و ناقۆڵایان بەرامبەر

نەڵێیت ، و دەنگیان بە سەردا بەرز نەکەیتەوە ، تەنانەت ئەگەر ووتنی ( ئۆف ) یش بێت ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَلاَ تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ ﴾ ( سورة الإسراء : ٢٣ ) ، وە یارمەتیان بدەی ، و هەمیشە دوعا و پاڕانەوەی خێریان بۆ بکەی ، هەروەکو پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا ﴾ ( سورة الإسراء : ٢٤ ) ، واتە : ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان لێبکە ، هەروەکو چۆن ئەوان منیان بە منداڵی گەورەکرد .

**چوارەم : ڕێزگرتنی لە گەورە :** چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " لیس منا من لم یرحم صغیرنا ، ویوقر کبیرنا " ( الصحيحة للألباني ، برقم : ٢١٩٦ ) ، واتە : لە ئێمەی موسڵمانان نیە ئەو کەسەی کە بەزەیی بە بچوکماندا نەیەت ، و ڕێز لە گەورەمان نەگرێت .

**پێنجەم : ڕێزگرتن و چاکەکاری لە گەڵ دراوسێدا :** چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " من کان یؤمن بالله والیوم الآخر ، فلیکرم جاره " ( صحيح وضعيف الترغيب والترهيب ، برقم : ١٦٦ ، و ٢٥٦٦ ) ، واتە : ئەو کەسەی کە باوەڕی بە خوای پەروەردگار و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە دراوسێکەی بگرێت ، ئەوەش بەوەی کە ئەزیەتیان نەدا ، و لە منداڵەکانیان نەدا ، و ووتەی ناشرینیشیان پێ نەڵێت ، و ئەگەر پێویستیەکیان پێی هەبوو بڕوات بە دەمیانەوە.

# سەرچاوەکان

📖 بیروباوەڕت وەربگرە لە قورئان و سوننەت ، نووسینی : شیّخ محمد جميل زينو ، وەرگیّڕانی : مامۆستا محمد عبدالرحمن لطيف .

📖 پێغەمبەرەکەت ﷺ بناسە ، وەرگیّڕان بە دەستکاریەوە : مامۆستا علي خان كوردي .

📖 باخچەکانی بەهەشت ( رياض الجنة ) ، ئامادەکردنی : عدنان بارام کەلاری ( تەواو نەبووە و لە ژێر دەستدایە ) .

📖 پوختەی تەفسیری سەعدی ( تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان ) ، پوختکاری و وەرگیّڕانی : عدنان بارام کەلاری ( تەواو نەبووە و لە ژێر دەستدایە ) .

📖 بیرخستنەوەیەك لە چۆنیّتی دەستنوێژ و نوێژی پێغەمبەر ﷺ ، نووسینی : شیّخ علي حسن علي عبد الحميد ، وەرگیّڕانی : عدنان بارام کەلاری .

📖 چۆنیّتی ڕۆژی پێغەمبەر ﷺ لە ڕەمەزاندا ، نووسینی : شیّخ سليم الهلالي و شیّخ علي حسن علي عبد الحميد ، وەرگیّڕانی : عدنان بارام کەلاری .

📖 پەیڕەوی فیقهی موسڵمان ، لە ڕوانگەی سوننەت و قورئان ، بە بۆچوونی پێشینان ، نووسینی : عدنان بارام کەلاری ( تەواو نەبووە و لە ژێر دەستدایە ) .